http://jgu.garmian.edu.krd https://doi.org/10.24271/garmian.369

# ڕۆژنامەی كوردستان و هەڵوێستی بەرانبەر بەدۆزی ئەرمەن و سوارەی حەمیدییە

## 1902 – 1898

ئەحمەد باوەڕ

بەشی مێژوو ,كۆلێژی پەروەردە , زانكۆی گەرمیان
Ahmadbawar_1967@yahoo.com

## پوختە

مەسەلەی ئەرمەن و بارودۆخی ئەرمەن ، بەتایبەتی لە چوارچێوەی دەسەلاتی دەوڵەتی عوسمانیدا ، یەكێكە لەو دۆزە گرنگ و هەستیارانەی ، كە بە درێژایی ساڵانی سەدەی بیستەمی ڕابردوو و تەنانەت ئێستاشی لەگەڵدا بێت ، زۆرێك لەوڵاتان و ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكانی جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵ كردبوو ، بەوەی فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی عوسمانی و بەتایبەتی لە ماوەی حكومڕانیەتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم ( 1876- 1909 )داو بگرە لەساڵانی دواتریشەوە، سیاسەتێكی سەركوتكەرانەو كۆمەڵكوژیەكی بێ وێنەیان بەرانبەر بە نەتەوەی ئەرمەن بەرپاكردبوو ، بەجۆرێك زۆرێك لە سەرچاوە مێژووییەكان ، ژمارەی قوربانیەكانیان ، بەنزیكەی دووملیون كەس و بگرە زیاتریش لەقەڵەم داوە ، بەتایبەتی لەڕێگای ئەو سیاسەتی سەركوتكردن و پرۆسە ڤێزەونانەیانەوە ، كە دامودەزگای چەكداری ( سوارەی حەمیدیە ) لەماوەی دەسەلاتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و دواتریشدا جێبەجێ كراو ، تاڕادەیەك دەستی گەلێكی زوڵم لێكراوی وەك كوردیشی پێوە خوێناوی كرا ، بەوەی كە گوایە زۆرێك لە چەكدارو فەوجەكانی ( سوارەی حەمیدیە ) لەو خێڵ و هۆزە كوردییانە پێكهاتبوون ، كە لەسەر داوای فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی عوسمانی چووبوونە ڕیزەكانی سوارەی حەمیدییەوە .

ئەم كورتە لێكۆڵینەوەی ئێمەش واتە (ڕۆژنامەی كوردستان و هەڵوێستی بەرانبەر بەدۆزی ئەرمەن و سوارەی حەمیدییە 1898- 1902 )، كە بەسەریەكەوە لەچوارچێوەی پێشەكی و چەند تەوەرێكی سەربەخۆداو پشت بەستوو بەژمارە ڕەسەنەكانی ڕۆژنامەی ( كوردستان ) ، كە بۆیەكەم جار لەشاری قاهیرەی وڵاتی میسرو لە( 22ی نیسانی 1898 )دا، بەهەردوو زمانی كوردی توركی دەست بە بڵاوكردنەوەی كراوە، سەرەڕای بەكارهێنانی كۆمەڵێك سەرچاوەی گرنگی تر بەزمانەكانی: عەرەبی ، فارسی و كوردی وەك ئەوەی لەلیستی پەراوێزو سەرچاوەكاندا بەوردی ئاماژەیان بۆكراوە. نووسراونەتەوە، هەروەها ڕۆژنامەی (

كوردستان )یش ، وەك سەرچاوەیەكی ڕەسەنی كوردی نزیك لەو هەلومەرج و ڕووداوانەوە، كە فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی عوسمانی و توركەكان بەسەر گەلێكی زوڵم لێكراوی وەك ئەرمەنیاندا هێناوە بەوردی ڕوون دەكاتەوەو لە زۆربەی زۆری ژمارەكانی ئەودەمانەیدا ، كە بەسەریەكەوەو تاكاتی داخستنی تەنها ( 31 ) ژمارەی لێ بلاوكراوەتەوە، زۆر بەجیدی سەركۆنەو ئیدانەی ئەو ڕێكارە كۆمەڵكوژییە دەكات ، كە توركەكانی عوسمانی بەرانبەر بە گەلێكی وەك ئەرمەن و لە ڕێگای دامودەزگا سەركوتكەرەكانیانەوە گرتوویانەتەبەرو هاوكات كۆمەلانی خەڵكی كوردستان و گەلی كوردیشی بەتەواویی لەوە هوشیاركردۆتەوە، كە نابێت گەلێكی وەك كورد خۆیان بخەنە نێو پرۆسەو هاوكێشەیەكی لەو بابەتەوەو بەڵكو بە پێچەوانەوە داوایان لێدەكات ، هاوكارو یارمەتی دەریان بن و تەنانەت ئەوەشیان بۆ ڕوون دەكاتەوە، كە كورد و ئەرمەن دوو گەلی زوڵم لێكراوی ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی عوسمانین و ئەوانیش وەك كوردوگەلی كورد مافە نەتەوەیی و ئایینیەكانیان پشتگوێ خراوەو هەر ڕۆژەو بەجۆرێك دەچەوسێنرێنەوە .

هەر وەك ئاماژەی بۆ كرا توێژینەوەكە بەسەریەكەوە، سەرەڕای لیستی سەرچاوەو پەراوێزەكانی لە پێشەكی و چەند تەوەرێكی سەرەكی پێكهاتووە، تەوەری یەكەم : بەدواداچونێكی پوختی مێژوو‌ییە سەبارەت بە ڕۆژنامەی ( كوردستان ) و چونێتی بلاوبوونەوەی لەشارە گەورەكانی ئەوكاتەی وەك : قاهیرە ، جنێڤ ، لەندەن ، فۆلكستۆن و دووبارە جنێڤ و شیكردنەوەی ناوەرۆكیان ، بەلام تەوەری دووەمی بەزۆری تەرخانكراوە بۆ هەڵوێستی ڕۆژنامەی ( كوردستان ) لە دۆسیەی ئەرمەن و دۆزی ڕەوای ئەرمەن لە ماوەی حكومڕانیەتی سوڵتان عەبدولحەمید و توركەلاوەكاندا ، بەلام هەرچی تەوەری سێیەم و كۆتاییشە هەڵوێست و قسەكردنی هەمان ڕۆژنامەیە لەسەر شێوازی دامەزراندنی ( سوارەی حەمیدییە ) و چۆنێتی بەكارهێنانیان لە پرۆسەی سەركوتكردنی ئەرمەنیەكاندا.

**كلیلی ووشەكان :** ڕۆژنامەی كوردستان ، میقداد مەدحەت بەدرخان پاشا، عەبدولڕەحمان بەدرخان پاشا ، ئەرمەن ، سوارەی حەمیدییە، دەوڵەتی عوسمانی، عەبدولحەمیدی دووەم، كورد

## پێشەكی

بێگومان كاری ڕۆژنامەوانی و بلاوكردنەوەی ڕۆژنامە بەزمانی كوردی ، بە بەراورد لەگەڵ گەل و نەتەوەكانی تری ڕۆژهەلات و بەتایبەتی ئەو ڕەگەزو نەتەوانەی ، كە لە دێرزەمانەوە لە ژێرسایەو دەسەلاتی دەوڵەتی عوسمانی و فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی عوسمانیدا بوون ، بەشێوازێكی زیاتر دواكەوت ، بەوەی ئەم هەنگاوەو ئەم بەرێداچوونەی كاروانی خەباتی ڕووناكبیری كوردیی

، ئیدی بەهەر هۆیەك بوو بێت ، لە بەختی کورد و گەلی کورد نەیتوانی لەگەڵ ڕەوت و سەرهەڵدانی خەباتی کوردایەتییدا بکەوێتە سەر سکەی خۆی ، بۆ نموونە لەگەڵ بەرپابوونی ڕاپەڕینی بەرخان پاشای بۆتان ( 1843- 1847 ) یان ڕاپەڕینی شێخ عوبێدوڵڵای نەهری ( 1880- 1882 )دا ، بۆئەوەی ئەمیش بیتوانیبایە ڕۆژێك زووتر فیکر و زمان و ئەدەبیاتی کوردی و هەواڵی سەنگەرەکانی خەباتی کوردایەتی ، بگەیەنێتە ڕای گشتی جیهانی و هاوکات لەم سۆنگەی خەباتیشەوە دۆزی ڕەوای گەلی کورد لەگەڵ میللەتانی تری ناوچەکەدا ، پێکەوە موتوربە بکرێت و لێکدی نزیك بکرێنەوە ، وەك ئەوەی شاعیرێکی ڕۆشنگەریی ناسراوی وەك حاجی قادری کۆیی ( 1824- 1897 ) ، وەك دەگوترێت زۆر بەئاواتی ئەوەوە بووە، ڕۆژێك لەڕۆژان بەچاوی خۆی بڵاوکراوەیەك یان ڕۆژنامەیەك ، بەزمانی کوردی ببینێت ، کەچی بەساڵێك پێش بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی ( کوردستان ) کۆچی دوایی کردووەو ئەو ئاواتە لە مێژینەی بەیەکجاری بردۆتە ژێرگڵەوە ، هەروەها بەچەند ساڵێك پێشتریش لەم بارەیەوە ، زۆر بەتاسەوە نووسیویەتی :

کتێب و دەفتەرو تەئریخ کاغەز

بە کوردی گەر بنووسرایە زوبانی

مەلاو شێخ و میر و پادشامان

هەتامەحشەر دەما نامونیشانی[i].

واتە ئەگەر کەناڵێکی وەك ڕاگەیاندن و ڕۆژنامە و بڵاوکرنەوە لەکات و ساتی خۆیداو لە هەلومەرجی خۆیدا ، بایەخی تەواوی پێ بدرابایەو هەژاری موکریانی ( 1920- 1991 ) واتەنی (( چەپگەردی گەردوون ... ))[ii] و هەلومەرجی زەمانەش تۆزێك ، یاوەرو یارو هاوکاریی گەلی کورد بوایەن ، ئەوا قەت ڕووداوەکانی مێژوو و ناوو ناونیشانی زۆرێك لە گەورە پیاوان و ڕووناکبیرە گوم ناوەکانی پێشینانمان بەقەولی شاعیری ناسراوی سودانی : ئیدریس محەمەد جەماع ( 1922 – 1980 ) نەدەبوونە : (( ئاردی ناودڕك .. ))[iii] و هەتا ڕۆژی مەحشەر بەزیندوویی دەمانەوەو نەدەبوونە خۆراکی ئاگردانە داخراوەکانی بەختی کورد ، خۆ ئەگەر بایەخی ڕۆژنامەو کاری ڕۆژنامەوانیش هێندە گرنگ و بەبایەخ نەبوونایە ، ئەوا زۆرێك لە گەورەپیاوان و تەنانەت سەرکردە گەورەکانی مێژوو و جیهانیش ، هێندە لەسامی ڕۆژنامەو چالاکی ڕۆژنامەنووسان و قەڵەمی بەبڕشتی ڕۆژنامەنووسان نەدەترسان و حەق وحیسابی تایبەتیان بۆ نەدەکرد ، بۆ نموونە گەورە کەسایەتیەکی مێژوویی وەك ناپلیون پۆناپارت ( 1769 – 1821 ) هەرزوو نەی دەووت :( سێ ڕۆژنامە لەسەد هەزار سەرباز زیاتر دەمترسێنن ). شان بەشانی ئەوەش نووسەر و بیریاریی گەورەی جیهانی فرانسوا ماری ئەرویە ناسراو بە ڤۆڵتێر ( 1694- 1778 ) ، ئەویش لەبارەی کاری ڕۆژنامەنووسی و پیشەی ڕۆژنامەنووسییەوە دەنووسێت :( ڕۆژنامەنووسی دەزگایەکە بەکەس ناشکێت ، بەڵام ئەو جیهانی کۆن دەڕوخێنێت ، بۆ ئەوەی جیهانێکی نوێ دا بمەزرێنێت ) ، هاوکات هەرلە خۆڕاش نەبووە ، کە هەر لەساڵی ( 1828 ) زاینییەوە ، گۆڤارو ڕۆژنامەو کارو پیشەی ڕاگەیاندن ، وەك دەسەڵاتی چوارەم ( السلطه الرابعه ) بێتەوە بەرچاوان و مامەڵەی تایبەتی لەگەڵدا بکرێت[iv].

کەواتە لە دایك بوون و نۆبەرەی ڕۆژنامەیەکی کوردی وەك ڕۆژنامەی کوردستانی ( 22ی نیسانی 1898 )[v] یش ، هەرچەندە بۆ یەکەمین جار لە تاراوگەو دوور لەولاتی کوردستانی زێدی گەلی کورد بلاوکرایەوە، هاوکات تائێستاش بەشێك لە ژمارەکانی بەتەواویی نەدۆزراونەتەوەو بەتەواویی نەکەوتوونەتە بەردیدەی خوێنەرو دەستەی ڕووناکبیریی کوردی ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بۆخۆی هیواو دەروازەیەکی ڕۆشن و گەورەی ڕووناکبیریی و بووژانەوەی گەلی کورد بووە لە کۆتاییەکانی سالانی سەدەی نۆزدەیەمی زایینیدا ، کە دەکرێت لەلایەن زۆرێك ، لەلێکۆڵیاران و پسپۆرانی بواری ڕۆژنامەوانییەوە ، لە زۆر ڕووی گەش و جۆر بەجۆرییەوە ، خوێندنەوەی تازەو بە دواداچوونی تازە بە نێو ناوەرۆکی ژمارەکانیدا بکرێت .

ئەم کورتە لێکۆڵینەوەیەی ، کە لێرەدا و پشت بەستوو بە کۆمەڵێك سەرچاوەی جۆ بەجۆر، خستوومانەتە پێش دەستی خوێنەران ودەستەی ڕووناکبیریی ، بەسەریەکەوە لە پێشەکی و سێ تەوەری سەرەکی پێکهاتووە ، تەوەری یەکەمیان : بە دواداچونێکی کورتە سەبارەت بە : هەوڵ و هەنگاوە بەراییەکانی ڕۆژنامەی کوردستان ، کە لە قۆناعی یەکەمیدا لە شاری قاهیرەی ولاتی میسرەوە لەلایەن میقداد مەدحەت بەدرخان پاشای بۆتانەوە دەست بەبلاوکردنەوەی کراوە ، بەلام تەوەری دووەمیان : بەزۆری تەرخانکراوە سەبارەت بە هەڵوێستی : ڕۆژنامەی کوردستان و دۆسیەی ئەرمەن و یان وەکتر کوشتاری ئەرمەن ، بەتایبەتی لە کۆتاییەکانی فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتی عوسمانیدا ، هەرچی تەوەری سێیەم و کۆتاییە ، بەدواداچونێکی خێرایە لەسەر شێوازی مامەڵەکردنی ڕۆژنامەی ناوبراو لە پێکەوەنانی ( سوارەی حەمیدیە )دا ، کە لەماوەی حکمڕانیەتی دەوڵەتی عوسمانی و بەتایبەتی لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی عوسمانیدا ، هاتۆتەکایەوەو هاوکات سوڵتانی عوسمانی چۆن توانیویەتی سوود لەو خێڵ و هۆزانەی کورد وەربگرێت لە پێکەوەنان و دامەزراندنیدا ، جگەلەوەش نەتەوەیەکی وەك کورد و بەشێك لە هۆزەکانی ئەودەمانەی کوردستان لەو سەروبەندەدا چۆن تێوەگلاوون لەکوشتاری ئەو ئەرمەنیانەدا ، کە لەو ماوەیەدا بەشێکی دیاری گەلانی ژێرسایەو دەسەلاتی دەوڵەتی عوسمانیان پێکدەهێنا .

### تەوەری یەکەم / هەنگاوە بەراییەکانی بلاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان

لای هیچ توێژەرو ڕووناکبیرێکی کورد و چ غەیری کورد ، بەتەواویی گومان لەوەدا نەماوەتەوە ، کە بۆ یەکەمین جار بلاوبوونەوەی ، یەکەمین ڕۆژنامەی ( کوردستان )[vi]. لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا ، بەهەردوو زمانی کوردی ( کرمانجی ژوور و شێوەی جەزیرەی بۆتان ) و تورکی ، بە دوو هەفتەجارێك[vii] . لە( 22ی نیسانی 1898 )داو لەڕێگای ( چاپخانەی هیلال )ی بەناوبانگەوە ، کە خاوەنەکەی نووسەری ناسراوی عەرەبی بەڕەگەز مەسیحی ، جورجی زێدان ( 1861- 1914 )[viii] بووە، لە یەکەمین ژمارەیەوە تا ژمارەی سێیەمی لەچاپخانەی ناوبراوەوە بلاوکراوەتەوە ، بەلام هەردوو ژمارەی چوارەم و پێنجەمی هەر لە شاری قاهیرەو لە چاپخانەی ( ڕۆژنامەی کوردستان ) خۆییەوە لە چاپدراون[ix] . ئەمەش بۆ خۆی جۆرێك لە گۆڕان و وەرچەرخانێکی ژیاریی و شارستانی گرنگی لە مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردی و باری ڕووناکبیری کوردییدا هێناوەتەکایەوە ، بۆ ئەوە ی بتوانێت لە داهاتوو و لەئایندەدا هەنگاو بەرەو خەباتی سەربەخۆیی و ئازادی بنێت ، هاوکات ئەو ناوەشی واتە : ( کوردستان ) ، کە لایەن دەرهێنەرو خاوەنە ڕاستەقینەکەیەوە ، میقداد مەدحەت بەدرخان پاشا( ؟ - 1917 )[x]. بۆ دەست

نیشانكرا، ئەوپەڕی گەواهی و دەلالەتی مێژوویمان دەداتە دەستەوە ، بەوەی كە هەستی نەتەوایەتی و ئینتمای نەتەوایەتی لای ئەم بنەماڵە سەربەرزەی كورد و بەتایبەتی كە سایەتیەكی ناسراوی وەك میقداد مەدحەت بەدرخان پاشا، تاچ ڕادەیەك پێگەیشتوو بووەو چەند بە وردی لەتاقیب و مشووری ئەوەدابوون ، كە بە بەردەوامی هەویەی كوردایەتی و شوناسنامەی نەتەوایەتی گەلی كورد بەرزبكەنەوە ، وەك نەتەوەیەكی خاوەن ژیارو شارستانی بەگەلان و نەتەوەكانی تری جیهانیان بناسێنن ، ئەمەش وێڕای ناسین و تۆماركردنی باری ڕووناكبیریی و داواكاریەكانی گەلی كورد لەڕێگای ناوەندەكانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەیەكەوە ، كە بەزمانی دایكی خۆی دەری كردبێت ، هەرچەندە بۆ ئەوەش دەسەلاتداران و فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی عوسمانی ئەوپەڕی كۆسپ و قۆرتی گەورەیان بۆ دروستكردووەو بەبەردەوامی ئەو فشارەیان خستۆتە سەرخاوەنەكەی بۆئەوەی واز لە دەركردن و بلاوكردنەوەی ڕۆژنامەی ( كوردستان ) بهێنێت و دووبارە بگەڕێتەوە ئەستەمبوڵ و ژێر دەسەلات و سایەی فەرمانڕەوایانی عوسمانی ، چونكە میقداد مەدحەت بەدرخان پاشا كاتێك ولاتی میسر و شاری قاهیرەی پایتەختی ئەو ولاتەی بۆ ئەو مەبەستە دەستنیشانكردو پەنای بردەبەر ئەو ولاتە ، بەتایبەتی لەساڵی ( 1891 ) بەدواوە ، زیاتر بۆ ئەوەبوو ، لەو دەمانەداو لە ژێر سایەی بنەماڵەی خدێوی و فەرمانڕەوایانی میسری ئەوكاتەدا ، كە لە دەسەلاتی محەمەد عەلی پاشای ( 1769 - 1849 )[xi] ، بەبنەچەو بەڕەسەن كوردی دیاربەكرییەوە دەست پێدەكات و تاڕادەیەكی زۆر دوور لە دەسەلاتی سوڵتانی عوسمانی بەڕێوەیان دەبرد و بەتەواویی فەرمانڕەوایانی عوسمانی و بە هۆی گەندەڵی كارگێڕی و هاتنەناوەوەی هێزی سەربازیی بەشێكی زۆر لە ولاتانی ئەوروپاوە بۆ ناوچەكە ، دەسەلاتیان دابووی لە كزی و ئەمەش وای كردبوو ، كە ئەو هەرێمانەی ژێر دەسەلاتی پێشووتری دەوڵەتی عوسمانی ، ببنە ناوەندێكی گرنگ بۆ چالاكی و جموجوڵی كاری هەموو ئەو كەسایەتی و كۆمەڵەو ڕێكخراوە ڕووناكبیریی و سیاسیانەی ، كە لە دەرئەنجامی سیاسەتی دواكەوتوو و ڕزیوی دەوڵەتی عوسمانییەوە هاتبووەكایەوە ، بەلام تا ئەو دەمانەش هێشتا خەبات و هەوڵەكانیان لە قۆناغێكی سەرەتاییدا بوو ، هەروەها بنەماڵەی بەدرخانیەكانی باكووری كوردستانیش هەرچەندە لە ڕووی خەباتی سیاسی و چەكدارییەوە ، بەتایبەتی لە كاتی ڕاپەڕینەكەی میر بەدرخان پاشای بۆتان ( 1802 - 1869 )[xii] بەدواوە ، بەتەواویی خۆیان بە كوردو كۆمەڵگای كوردەواریی ناسان و خۆیان بەخاوەنی كێشەو دۆزێك دەزانی ، كە لەوەبەدواوە گەلی كورد خەباتێكی بەردەوام و شەهادەتێكی بەردەوامی بۆ دەكردە قووربانی ، لەگەڵ ئەوەشدا بەدرخانیەكان وەك پێشتریش ئاماژەی بۆكرا : لە كۆتاییەكانی سەدەی نۆزدەیەمەوە ، شانبەشانی خەباتی چەكداریی كەوتنە ئەوەی لە دەروازەیەكی تازەو نوێ ترەوە بكەونەوە خەبات و ئەمجارەیان خەباتی قەڵەم و سەرچاوەكانی ژیاری و مەدەنیەت بكەنە مینبەرێكی زیندووی ئەوتۆ ، بۆ داواكارییەكانی كوردو نەتەوەی كورد، لەنێو ولات و نیشتمانێكدا ، كە پێی دەوترێت كوردستان و نیشتمانی گەلی كورد ، هەر بۆیە كەسایەتیەكی وەك میقداد مەدحەت بەدرخان پاشای خاوەنی ڕۆژنامەی كوردستان لەمیانی ئەو : (( بەیاننامەیەی )) خۆیدا ، كە وەك پاشكۆیەك ، لەگەڵ ژمارە ( 1 ) ی ڕۆژنامەی ( كوردستان )دا ، بەزمانی فەرەنسی بۆ كۆمەلانی خەڵك و گەلانی دونیای بلاوكردۆتەوە ، بەتەواویی پەردە لە ڕووی تەواوی هەموو ئەو نەهامەتیانەدا هەڵدەماڵێت ، كە بەدرێژایی مێژوو كوردو نەتەوەیەكی وەك كورد بە دەستیەوە نالاندوویەتی ، هەروەها هانی كوردان و گەلی كورد دەدات بۆ ئەوەی لەڕێگای زانیاری و پێشكەوتنەوە داوا ڕەواكانی خۆیان

بخەنە پێش چاوی گەلان و باسی هەموو ئەو زوڵم و سیاسەتەی سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی دەكات ، كە چۆن ژیانی لەبنەماڵەی ئەوان و هەموو ئەو ڕێبەرانەی تری كورد تاڵ و قەدەغەكردبوو ، كە دەیانەویست ژیوارو بەختەوەریەكی زیاتر بۆ وڵات و میللەتەكەیان فەراهەم و دەستەبەر بكەن ، وەك لەدەقی بەیاننامەكەیدا هاتووەو بە تەعبیرو هەستێكی كوردانەی سەرنج ڕاكێشەوە نووسیویەتی :

(( زۆر بەختیارم بەوەی ، كە ژمارەی یەكەمی ڕۆژنامەی كوردستانتان بۆ دەنێرم ئەوەی هەرئێستا لە قاهیرە دامەزراندووە . نەتەوەی من ، كە نەتەوەی كوردە ، ژمارەی شەش ملیون كەسە لە ئاسیای بچووكدا ، زمانیان گەلێك كۆنە ، ئەمە یەكەمین جارە ، كە بەم زمانە ئەم ڕۆژنامەیەم بلاّوكردۆتەوە ، بۆ مەبەستی تێگەیاندنی زانیاری و گیانی خۆشەویستی لە ناو ڕۆڵەكانی نەتەوەكەمداو هاندانی كوردەكان بۆ ئەوەی ڕێگەی پێشكەوتن و شارستانیەتی نوێ بگرن ، لە هەمەنكاتیشدا ئەدەبی نەتەوەیی خۆیانیان پێ نیشان بدەین . باوكم میربەدرخان ، لە جەنگی سەربەخۆیی كوردستاندا بەشداربوو دژی حكومەتی عەبدولحەمید ، ئەوكەسەی ، كە ژیانی لە بنەماڵەی ئێمە قەدەغەكرد لە نیشتمانی خۆماندا ، لەبەر ئەمە ڕووم كردە قاهیرە ، لە بەرئەوەی دەمەوێ نیزام و ئاسایش باڵ بەسەر كوردستاندا بكێشێ ، بڕیارمدا لەڕێگەی ئەم ڕۆژنامەیەوە ، هەموو توانای خۆم لەدەرەوە ( دوورە وڵاتدا ) تەرخان بكەم ، بۆ هەموو كارێك ، كە قازانج و بەختیاری و پەروەردەكردنی بیری تێدا بێت بۆ هاوڵاتیانی كورد... )) . میقداد – مەدحەت[xiii] .

بەجۆرێك هەر لە چوارچێوەی ئەو بەیاننامەیەو ئەو هەموو هەست و دڵسۆزیەیدا ، كە میقداد مەدحەت بەدرخان پاشای بۆتان بەرانبەر بەگەل و وڵات و نەتەوەكەی خۆی دەری دەبڕێت ، ئەوەمان لا ڕوون دەبێتەوە ، كە بەچی شێوازێك میقداد مەدحەت بەدرخان ویستوویەتی مەسەلەی ڕاگەیاندن و كارو پیشەی ڕۆژنامەنووسی بكاتە سەنگەرێك و بیكاتە كەناڵێكی زیندووی ئەوتۆ ، كە لێیەوە داكۆكی لەمافی گەل و نەتەوەكەی خۆی بكات ، هاوكات لە وێشەوە هەوڵی ئەوەبدات ، كە چۆن هەموو ڕووناكبیران و نیشتمان پەروەرانی كورد لەدەوری كورەی خەبات و شۆڕشێكی تازەو لەبەرەیەكی یەكگرتوودا كۆیان بكاتەوە ، وێڕای ئەوەش كارێكی وابكات و هەڵوێستێكی وابنوێنێت ، كە چۆن بۆ هەموو نەیارو دوژمنانی خۆی و گەلی كوردی بسەلمێنێت كە : ( نەتەوەكەی ئەو... ) وەك هەر گەل و نەتەوەیەكی تری دونیا مافی ژیان و ( بەختیاری نیزام و ئاسایشی... ) هەیە . بۆ لایەنێكی لەم بابەتەش هەر لەخۆڕا نەبووە ، هەر لەژمارە یەكەمی ڕۆژنامەی ( كوردستان )ەوە ، بكەوێتە حیوارو گفتوگۆوە لەگەڵ خوێنەران و ڕووناكبیران و كۆمەڵانی خەڵكی ئەوكاتەی كوردستاندا ، بەجۆرێك دەیەوێت سەرنج و تێبینی خۆیانی سەبارەت بە ڕۆژنامەكە بۆ بنێرن ، داواشیان لێدەكات پاڵپشتی هەمیشەیی ئەوبن . لەم بەڕێداچوون و كاروانەیدا ، بەجۆرێك ئەوی ڕووناكبیرو نیشتمان پەروەر دەیەوێت ، ببێتە ڕێبەرو بكەوێتە خزمەتیانەوە ، هەروەها باس لەوەش دەكات ، كە چۆن كارەكەی ئەو بێ كۆسپ و بێ گرێ و گۆڵ نابێت ، وەك ئەوەی لەم بارەیەوە دەنووسێت : ( ئەم ڕۆژنامەیە یەكەم ڕۆژنامەیە ، بۆیە كەم و كوڕی تیادەبێت ، هیوادارم تێبینی لەسەر ئەوكەم و كوڕیانەمان بۆ بنێرن ، هەمووكارێكی نوێش لە سەرەتاوە كەموكوڕی هەیەو دواتر بەرەو باشتر هەنگاو دەنێت ، ئیدی من بۆ ئەو مەبەستە كاردەكەم ... ) . هەروەك ئەوەی ڕۆژنامەكە لەسەرەتای دەرچوون و

بڵاوبوونەوەیەوە ، وەرچەرخان و گۆڕانكاریەكی گەورەو بێ وێنەی لە مێژووی نووسین و ئەدەبیات و كاری ڕۆژنامەنووسی كوردییدا هێناوەتەكایەوە ، شانبەشانی ئەوەش بیرو لێكدانەوەو بەدواداچوونێكی تازەی لەبواری شارستانیەت و بیروڕای مەدەنیەتدا هێناوەتەكایەوە ، كە دەكرێت لێرەداو لە دووتوێی ئەم كورتە توێژینەوەدا، باس لەو هەڵوێستانە بكەین ، كە ڕۆژنامەی كوردستان و بەتایبەتی لە خوولی یەكەم ( 1898- 1902 ) یدا ، لێیان بێ ئاگا نەبووەو تەنانەت لەهەموو ژمارەو تارو نووسینێكی خۆیدا تەرحێكی تازەو چارەسەرێكی گونجاوی خۆی هەبووە لەوبارەیەوە ، هەر لە باسكردنی هەواڵە جیهانیەكانی ئەوددەمانە، ڕەختەگرتن لە دەوڵەت و سیاسەتی دەوڵەت بەرانبەر بە كۆمەڵانی خەڵك ، هاندانی خەڵكانی هوشیارو دەزگاكانی دەوڵەت بۆ كردنەوەی ناوەندی زانستی و سەرچاوەكانی خوێندەواریی ، ڕەتدانەوەی هەموو ئەو سیاسەتەی وڵاتان بەرانبەر بەوەی نەتەوەیەكی وەك كورد دەستی لە مەسەلەی ئەرمەن و كوشتاری ئەرمەن و هەڵایسانی هەموو ئەو نەهامەتیانەدا بووبێت ، كە بەرانبەر بە نەتەوەیەكی وەك ئەرمەن كراوە ، لە ساڵان و ڕۆژگاری فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتی عوسمانی و دواتردا ، بە جۆرێك دەكرێت لەو بارەیەوە دەیان نموونەو بەڵگەنامەی زیندووی ناو ژمارەو لا پەڕەكانی ڕۆژنامەی ( كوردستان ) دەستنیشان بكەین و بە وردی باسیان لەسەر بكرێت ، سەرەڕای بڵاوكردنەوەی بەشێكی تاڕادەیەك بەر چاوی شیعر و ئەدەبیاتی كوردی لەوانە شیعرو نووسینی هەردوو شاعیری گەورەو ناسراوی كوردی وەك ئەحمەدی خانی ( 1650- 1707 ) بەتایبەتی ( مەم و زین )كەی ، كە هەر لە ژمارە ( 2 )یەوە ڕۆژنامەی ( كوردستان ) بەزنجیرە دەستی بە بڵاوكردنەوەی كردووە ، لەگەڵ شیعرە بایەخدارو نەتەوەییەكانی حاجی قادری كۆیی ( 1824- 1897 ) و مەلاساڵحی جەزیری ، میر جگەرخوون ، عومەر فەوزی ، سەید تاهیری بۆتیٚ ... و هاوكات لە لایەكی تریشەوەو ناو بەناو هەڵبژاردەیەكی لە مێژووی ( شەرەفنامە ) ی میر شەرەفخانی بەدلیسی ( 1543- 1604 )[xiv] و مێژووی ناوداران و حوكمدارانی جەزیرەی بۆتانی زێدی یەكەمین نووسەرانی ڕۆژنامەكەی لە چەند ژمارەیەكیدا بڵاوكردۆتەوە [xv].

لە هەمانكاتیشدا جگە لەهەموو ئەوانە ڕۆژنامەی ( كوردستان ) هەر لە ژمارەی یەكەمییەوە ، كە باسی ئەو واقیعە دەكات ، كە وڵاتی كوردستان و ناوچە كوردنشینەكان لە ڕووی دواكەوتن و نەخوێندەواریی و دەردووی جۆر بەجۆرەوە لە ئەوپەڕی نەهامەتی دایە . بەرانبەر بەوەو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەلومەرجە، لای خۆیەوە وا هانی كوردەكان دەدات ، كە پشت بە خۆیان ببەستن و شانبەشانی گەلان و نەتەوە پێشكەوتووەكانی تر هەوڵی خوێندن و كاری زانیاری و زانست بدەن ، سوود لە ئەزموونی گەلان و سەرچاوەكانی زانیاری گەلان وەربگرن . لەم ڕووەشەوە وەك لە ژمارەی یەكەمیدا ، زۆر ڕاشكاوانە دەنووسێت : ( لەم ڕۆژنامەیەدا سوودەكانی زانست و زانیاری باس دەكەم لە چ جێگایەك مرۆڤ فێردەبێت لە چ جێگایەك خوێندنگەی باش هەیە پیشانی كوردی دەدەم ، لە چ جێگایەك شەڕ بێت هەڵوێستی وڵاتانی گەورە چی و چۆن شەڕدەكەن ، چۆن بازرگانی دەكرێت هەموویان باس دەكەم ... ) . سەبارەت بەمەش لە زۆربەی ژمارەكانی ڕۆژنامەی ( كوردستان )دا ، میقداد مەدحەت بەدرخان پاشا دەیان ئایەتی لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەر ( د . خ ) و وتە جۆر بەجۆری هێناوەتەوە ، وەك ئەوەی نووسیویەتی : ( حەزرەتی پێغەمبەر ( د . خ ) لەسەر بێت فەرموویەتی : ( اطلب العلم من المهد الى اللحد ) واتە داوای عیلم و زانین بكەن هەر لە

لانکەوە تا دەچنە ناوگڵ )[xvi] ، چونکە ڕۆژنامەکە هەر لە سەرەتاوەو لە قۆناغی دەرچوونیدا ئاما نجێکی ڕۆشنگەریی هەبوو بۆ بلاوکردنەوەی خوێندەواری و پەرەپێدانی ڕۆشنبیریی کوردی [xvii]. بەسەریەکەوە هەموو ئەمانەش وەك هاندەرێك و بۆ وشیار کردنەوەی کۆمەلانی خەلك خستوونیەتی دووتوێی ئەو سەر وتارو بابەتانەوە ، کە لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بلاوی کردوونەتەوە ، ڕاشکاوانەش ڕووی دەمی دەکاتە دانیشتوانی کوردستان و بۆ یان دونووسێت : ( دراوسێکانتان ( عەجەم ) یش جاران وەکو کوردەواریی بوون ، دواتر زانیان ، کە بێ عیلم و سەنعەت گەشە ناکەن ، بۆیە ئێستا ( عەجەمیەکان ) خوێندگاو قوتابخانەیەکی زۆریان هەیە ، منالانی خۆیان دەنێرن بۆ دووره ولات و فێری خوێندنیان دەکەن ) . سەرەڕای ئەو هەموو داواکاری و بانگەوازانەی کە چەندین جار بە گوێی ( میروئاغایانی ) کوردی دا دەهێنێت و دەیەوێت لە خەوی غەفلەت بە ئاگایان بهێنێتەوە : ( ئەی میرو ئاغایانی کورد ، باش تەماشای دەوروبەری خۆتان بکەن و ببینن .. ) . یان لە شوێنێکی تردا دەنووسێت : (( ئەی میر و ئاغایان من لە ئێوە دەپرسم کێتان هەتا ئێستا خزمێکی خۆتان ناردۆتە جێگایەك بۆ ئەوەی بخوێنێت ( الحمدلله ) لەبەغداو شام و ئەستەمبووڵ خوێندنگاو قوتابخانەی حکومی هەن و بێ خەرجین هەرکەسێك مندالی خۆی تەسلیم بە حکومەت بکات بە خۆڕایی فێری خوێندن دەبێت )) . ئەو قسانەشی کە زیاتر میقداد مەدحەت بەدرخان جەختی لەسەر کردوونەتەوە ، بە زۆری ڕوو بەڕووی ئەوکوردانەی کردوونەتەوە ، کە لە هەرێمی باکووری کوردستانی ئەو کاتەدا بوون ، بە بۆ چوونی ئەو کوردانی ناوچەو پارچەکانی دی تاڕادەیەك حالْ و ژیواریان باشتر بووە . بە ڕادەیەك ڕۆژنامەی کوردستان هەر لە سەرەتاوە لە سوریاوە ناوی دەرکرد ، بە تایبەتی شاری دیمەشق کە بووە خالی دەستکردن بە بە شینەوەی ڕۆژنامەکە بەسەر هەموو ناوچەکانی کوردستاندا ، بەجۆرێك یەکێك لەو کوردە نیشتە جێبووانەی شاری دیمەشق لە نامەیەکیدا و کە لە ژمارە ( 3 )ی ڕۆژنامەکەدا بلاویان کردۆتەوە دەنووسێت : ( چەند ژمارەیەکم لە ڕۆژنامەکە کڕی و ، کوردەکانم لە دەوری خۆم کۆکردەوە تا پێکەوە بیخوێنینەوە ، هەرئەوەندەی زانیان ناوی کوردستانە میرەکەیان دەری دەکات ، لە شادی و خۆشیاندا دنیا بە خۆی نەدەگردن ، بۆ ڕێزلێنان هەڵیان بڕیە بان سەریان کاتێك لە ناوەرۆکەکەی تێ گەیشتن و وشەکانی ڕای چەڵەکاندن ، لە نێوخۆیاندا بەڵێنیان دا هاوکاری و یارمەتی یەکدی بدەن و منالانیان فێری پیشەی تەکنیکی بکەن [xviii].

کاتێك باس لەو سەروبەندەی ولاتی میسریش دەکات ، کە ڕۆژنامەکەی خۆی تیا بلاوکردۆتەوە نووسیویەتی : ( لە میسر جامیعەی ئەزهەر هەیە لە ڕاستیدا ژمارەیەك کوردی سۆرانی لە کەرکوك و سلێمانییەوە هاتوون لەوێ دەخوێنن بەڕاستی هیچ جارێك و لە هیچ شوێنێك خەلکی بۆتان و شێروان و غەزوان و هەکاریم نەبینیوە لە هیچ خوێندنگایەك و خەلکی ئەو عەشایارانە هەموویان کاسبکار و هەژار و بێ دەرامەتن و هیچ سەنعەتێك نازانن ) . بۆیە لە بەشێکی تری وتارەکەیدا دەکەوێتە ڕەخنە گرتن لە پیاوانی ئایینی و خوێندەواران بۆ ئەوەی لەلای خۆیانەتەوە باسی خوێندن و گرنگی و بایەخی خوێندەواریی بکەن وەك ئەوەی لە چەند شوێنێکدا نووسیویەتی : ( ئەی زانایانی کورد بۆچی ئێوە لە مزگەوتەکان باسی خرا پی نەزانین و سوودی عیلم ناکەن ... ). لەهەمانکاتدا ئەوەش دووپات دەکاتەوە ، کە ئەرکی سەرشانی ئەو ئەوەیە داوا لە زانایانی کورد بکات و پێیان بلێت : ( ئەم ڕۆژنامەیەم بۆ ئەوەیە میر و ئاغاو کرما نجەکان بخوێنن ... ) . دواتر هەر خۆی لە ژمارە (

2 )ی ڕۆژنامەی كوردستاندا میقداد بەدرخان پەردە لە ڕووی ئەم بارودۆخە هەڵدەماڵێ و ئۆباڵی دواكەوتنی كوردو بلاۆنەبوونەوەی زانیاری و خوێندن لە كوردستان بە كارێكی كەم تەرخەمانەی هەموو میرو ئاغاو دەوڵەمەندانی كورد دەزانێت و بیریان دەخاتەوە كە ئەوان كاروباری ولاَتیان بە دەستەوەیەو هەر ئەوانیش دەتوانن هەوڵ و كۆششێكی وا بدەن كە گەل و كۆمەلاَنی خەڵك لە جەوری نەخوێندەواری ڕزگار بكەن و ببنە ڕێنیشان دەریان بەرەو دوارۆژێكی لە بارترو شایستەتر ، لەوبارەیەشەوە باس لە شاعیرو بیریاری گەورەی كورد ئەحمەدی خانی دەكات ، كە چۆن هەوڵی داوە و خزمەتی بە كۆمەڵگای كوردەواریی كردووە ، هاوكات لە ڕێگای فیكرو شیعرەكانیەوە ڕەوتی هوشیاركردنەوەی میللەتەكەی گرتۆتە بەر . وەك ئەوەی پێمان دەڵێت : (( ئەی زاناو میرو ئاغایانی كورد ئەگەر ئەوخەڵكەی كە لە ژێر دەسەلاَتی ئێوەدان و فێری خوێندنەوە بن و نەیا نخەنە بەرخوێندن و فێری زانین و سەنعەت نەبن ئەوا لە دونیاو قیامەتدا ئۆباڵیان لە ئەستۆی ئێوەدایە )) . بەلاَم كاتێك ڕوولە خەڵكی زەنگین و دەوڵەمەندانی كورد دەكات ، ڕای خۆی چەندین جار دوو پات دەكاتەوەو پێیان دەڵێت : (( ئەی دەوڵەمەندی كورد ، باوكتان بەچەند گەزێك كفنی سپی یەوە چووە بەر ڕەحمەتی خواو ئێوەش بەهەمان شێوە دەچن ، ئەو زێڕو زیوە لە ناو عەلبەكانتان بێننە دەرێ و لە ڕێی خودا قوتا بخانەو خوێندنگا دروست بكەن )) . جگە لە هەموو ئەوانەش لە ژمارە ( 6 ) شەشی ڕۆژنامەی كوردستان و كاتێك دێتە سەر بایەخی باری ڕووناكبیریی و مەسەلەی خوێندن ئەوە ڕوون دكاتەوە كە : ( عەقڵە مرۆڤ لە ئاژەڵ جوێ دەكاتەوە ، هیچ شتێك لە عەقڵ باشتر نیەو عەقڵ بە بێ خوێندەواریی ڕەنگ و بۆی نامێنێت ، مرۆڤ بەهۆی عەقڵەوە جیهانی ئاژەڵ دەخاتە ژێر دەستی خۆی ، هەر بە چاكەی عەقڵ و زانستەوەیە پا پۆڕەكان لە زەریادا ئاو دەبڕن و شەمەندەفەرەكان ئەو ماوە دوورو درێژە دەڕۆن ، ناسینی سروشتی شتەكان دیاردەیەكە لە دیاردەكانی بە دەستهێنانی خوێندەواری )[xix].

دوا بەدوای ئەوەش تەنها بەوانەوە ناوەستێت و هەمان هەڵوێست و هەمان ئەركی نەتەوایەتی و نیشتمانی ڕووبەڕووی خۆی و بنەماڵەكەی خۆی دەكاتەوەو هەموو ئەدرەس و ناونیشانێكی خۆی و براكانی بۆ كۆمەلاَنی خەڵك ئاشكرا دەكات و بەڵێنی ئەوەیان دەداتێ ، بە هەموو جۆرێك لەم ئەركە ژیاری و شارستانیەدا كۆمەك و دەست گرۆییان بكات و وایان بۆ دەگێڕێتەوە ، كەئەوان وەك بنەماڵەی بەدرخانیەكان و وەك میرانی بۆتان ، خۆیان بە گەورەی كوردان دەزانن و خۆیان بۆ خەباتی كوردایەتی تەرخانكردووە ، ئەوانەشیان كە تا ئەو سەروبەندە لەژیاندابوون : (( حەڤدە برا )) بوون ، هەمووشیان خاوەنی پلەو پایەو ( مەئموورن ) لە كاروباری ولاَتداو لەم بارەیەشەوە دەنووسێت : (( دەبێت ئێمە وەك منالاَنی خۆمان تەماشای منالاَنی كورد بكەین ، كێ لە خەڵكی كوردستان بیەوێت ، منالەكانی بنێرێتە ( ئەستەمبووڵ ) بۆ خوێندن ، بابچێت بۆ لای براكانی من )[xx]. هەروەها سەبارەت بەوانەشی ، كە دەیانەوێت بچنە ولاَتی میسر داوایان لێ دەكات با : (( پێشتر نامەم بۆ بنێرن )) و لەسەر نامەكانیان بنووسن : (( مصر نجل المرحوم بدرخان باشا مقداد مدحد بگ )) . هاوكات بۆ وەلاَمەكەشی داوای لێ كردوون ، هەر كەسەو بە تەواوی ناونیشانی خۆی لەگەڵ داواكاریەكەیدا بنوسێت ، بۆ ئەوەی بە تەواوی : (( بزانم وەلاَمەكەی بۆ كوێ بنێرم )). جگە لەوانەش هاتووە لە ژمارە ( 4 )ی ڕۆژنامەكەیدا ، سكالاَنامەیەك ، بۆ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی عوسمانی ( 1876-

28/ 4 / 1909 )[xxi] دەنووسێت و باسی هەموو ئەو جەورو چەوسانەوەیە دەکات ، کە دژی کورد کراون لەولاتی خۆیاندا لە کاتێکدا ( کوردەکان ) یەکێك بوون لەو گەل و نەتەوەانەی ، کە بەشێکی گەورەی دانیشتوانی دەوڵەتی عوسمانی پێکدەهێنن ، لەهەموو ئەرك و بەرپرسیارێتیەکی نیشتمانیدا بەشدارن ، کەچی لەرووی بایەخدان و کردنەوەی ناوەندەکانی زانست و خوێندەوارییەوە وەك پێویست لایان لێ نەکراوەتەوە ، وەك لە بەشێکی قسەو داواکارییەکانیدا بۆ سوڵتانی عوسمانی دەنووسێت : ( بەڵام تەجالوسی پیرۆزی هەمایونیەت خوێندن و فێرکردن و بەرەو پێش بردنیان هەرچی چۆنێك بێت گوێی نەدراوەتێ ...)[xxii] . جگە لەوەش زۆر ڕاشکاوانە ترو بەبێ ترس دەیەوێت ئەو ئەرکە نیشتمانی و شارستانیەتەی کۆمەڵی کوردەواریی لەئەستۆی خۆی بگرێت ، سەرەڕای بڵاوکردنەوەی زانست و خوێندەواریی کار بۆ ئەوەدەکات ، کە زمانی نەتەوایەتی کوردی ببوژێنێتەوە ، هەروەك خۆشی لەڕێگای ڕۆژنامەکەیەوە بۆ سوڵتانی عوسمانی دەنووسێت : ( ئەو ڕێنماییانەی کە بەزمانی کوردی ڕۆژنامەکە لە خۆی گرتووەو لە ڕووی نەتەوایەتییەوە لە ناو کوردەکان کاریگەرییەکی بەرزی هەیە ئەگەر دەساڵ لەمەوبەرەوە ڕۆژنامەیەکی وەك ئەم ڕۆژنامەیە هەبوایە دەست تێوەردانی بێگانە ڕێگای پێ نەدەدراو هەروەها ئیغتشاشات لە کوردستاندا ڕووی نەئەدا ، پێشکەوتن و شارستانێتی زۆر لە زووەوە دەستەبەر دەکرا ) . لە کۆتایی ئەو دواکاریەشیدا ، کە بۆ سوڵتانی بەرزکردۆتەوە ، جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە ، کە هەوڵ بدرێت ڕیفۆرمی واتە( اصلاحات )ی زیاتر لە کوردستاندا بکرێت و ڕێ لەو هەموو خرا پەکاریانەش بگیردرێت ، کە لەلایەن هەندێك کاربەدەستی دەوڵەتەوە لەناوچە کوردنشینەکانی کوردستاندا جێبە جێ دەکرێن و دەیانەوێت کار بۆ ئەوە بکەن کە ڕۆژنامەکەی ئەو واتە ( کوردستان ) لەناوچە کورد نشینەکاندا بڵاو نەبێتەوەو بەردەوام هەوڵی قەدەغەکردن و هەڕەشە لەوانەش دەکەن کە ئەم ڕۆژنامەیە دەخوێننەوە ، تەنانەت لەدوا ژمارەشیدا کە ژمارە ( 5 ) پێنجەمی بووە لەقاهیرەو تائەوکاتە میقداد مەدحەت بەدرخان سەرگەرمی دەرکردنی بووە ، بۆ جارێکی دی نوو سراوێکی خستۆتە بەردەم ( حەزرەتی خاوەن شکۆ و گەورە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم ) و ئەوەی دەخاتەوە بیر ، کە کاربەدەستان دەستیان لەدژایەتی کردنی هەڵ نەگرتووە و بۆ ئەمەشیان بۆی خۆی دەنووسێت : ( بە پێچەوانەی چاوەڕوانیم ئەو قەدەغەیە هەڵ نەگیرا ) کە سەبارەت بە ڕۆژنامەکەی ئەو هەبووە ، هەرچەندە ئەوەش بەسوڵتان ئەڵێت : ( پاشام چاکی و دروستی ئەم ڕۆژنامەیە لە لایەن هەموو ئەربابی مەعاریف و شارستانیەتەوە سەلمێنراوە ) و هەروەها لە گەڵیشیدا داواکاریەك لە چوارچێوەی چەند خاڵێکدا بۆ دەسەڵاتی باڵای عوسمانی و سوڵتان بەرز دەکاوەتەوەو ، لە دوا وتەشیدا ، هێندە لە خەمی ڕۆژنامەکەی و خزمەتکردنی گەلەکەیدا دەبێت ، زۆر بە ڕوونی ئەوە بۆ سوڵتان بەرز بکاتەوەو سوێندی بۆ بخوات ، کە مەبەستی سەرەکی ئەو لە دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ئەم ڕۆژنامەیەدا خزمەتکردنە بە گەلەکەی و بەجێهێنانی ئەرکی سەرشانیەتی ، هەر بۆیە سوێند ئەخواو بە دەسەڵاتی باڵای عوسمانی ئەڵێت : ( پاشام سوێند ئەخۆم ، کە تەنیا لە پێناو بەجێ هێنانی ئەو ئەرکەی ، کە لەسەر شا نمە بەرانبەر بەکورد ئەم ڕۆژنامەیەم دەرکردووەو هیچ مەبەستێکی ترم نیە ) .

جگە لەوەش ڕۆژنامەی ( کوردستان ) لە چەندین وتارو بیرخەرەوەی تریشدا وەك مینبەرێکی ( سیاسی – شارستانی ) کاری بۆ خەباتی کوردایەتی و پشتگیریەکی بەردەوامی لە کێشەی گەلەکەی خۆی کردووە ، یەکێك لە هەرە دەردە کۆمەڵایەتیەکانی

ئەودەمانەی کوردیشی وا لێك داوەتەوە ، کە سەرچاوەو فاکتەرە سەرەکیەکەی نەزانین و نەبوونی هەستی نەتەوایەتی بوویێت لە ناو کۆمەڵگای کوردەوارییدا، وەکو وتمان : لە چەندین شوێن و چەندین وتاردا هەمان زام و هەمان برین دەکولێنێتەوە و بەخەمێکی گەورەوگرانی خۆی دەزانێت . بۆ نموونە لە ناونیشانێکدا هاتووە: ( لە برینە کۆمەڵایەتیەکانمان بێ مەعاریفیە )[xxiii] ، وێڕای ئەوبایەخ نەدان و توندو تیژیەی لەلایەن فەرمانڕەوایانەوە بەرانبەر بە کورد پیادەکراوە و لەگەڵ ئەوەشدا نەتەوەی کوردیان : ( بەورچە تورك ) ناوبردووە ، ئەمەو سەرەڕای ئەو بیرخەرەوەو باسکردنی ئەودەردە کۆمەڵایەتییە جۆر بەجۆرانەی ، کە میقداد بەدرخان پاشا زیاتر هۆکارو ڕەهەندە گەوهەریەکانی بۆ بێ مەعریفەیی کوردان و ئەو زوڵم و جەورەی فەرمانڕەویان دەگەڕێنێتەوە کە وڵاتی کوردو گەلی کوردیان خراوەتە ژێردەسەڵاتەوەو بەو شێوەیە کاروباریان بەڕێوەبردوون ، کە لەگەڵ سیاسەت و بۆچوونی خۆیاندا دەگونجێت . میربەدرخان دووبارە ئەوەش دەهێنێتەوە یاد ، کە خوێندەواری و گەلاڵەبوونی هەستی نەتەوایەتی بەرەو ئەوئاقارەمان دەبات ، کە داکۆکی لە نیشتمانی خۆمان و وڵاتی خۆمان بکەین و سەرچاوەکانی ئاوەدانی و پێکەوە ژیان و نیشتەجێ بوونی بۆ دەستەبەر بکەین ، لەم بارەیەشەوە هەندێکجار پشت بەو فەرموودەو کلتوورەی ئیسلامی دەبەستێت کە باس لە: ( خۆشەویستی نیشتمان ) دەکات و جەختی تەواوی لەسەر دەکاتەوە ، وەك لە ژمارە ( 2 )ی ڕۆژنامەکەیدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە : ( خۆشەویستی نیشتمان ئەوەیە ، کە مرۆڤ نەهێڵێت یان ڕێگە نەدات دوژمنان بێنە ناو نیشتمان ، خۆشەویستی نیشتمان ئەوەیە کە مرۆڤ ئاوەدانی بکاتەوە ، خوێندگاو قوتابخانەو خێرو خێراتی تیا دروست بکات ، خۆشەویستی نیشتمان ئەوەیە ، کە مرۆڤ منالآنی ئەو نیشتمانە بخاتەبەر خوێندن و خوێندنەوەو پیشەو زانستیان فێربکات )[xxiv].

لە ژمارە ( 6 ) ی ڕۆژنامەی ( کوردستان ) بەدواوە تادەگاتە ژمارە ( 19 )ی ، کە لە شاری ( جنێڤ )ی وڵاتی سویسراو لەلایەن عەبدولڕەحمان بەدرخانی ( 188- 1936 )[xxv] برایەوەو بە هاوکاری هەریەك لە کوردە دامەزرێنەرەکانی ڕێکخراوی یەکێتی و سەرکەوتن ( الاتحاد و الترقی )ی ، وەك عەبدوڵڵا جەودەت ( 1869- 1932 )[xxvi] و ئیسحاق سوکووتی ( 1868- 1903 )[xxvii] بیەوە بڵاوی کردۆتەوە ، ئەمەش لە کاتێکدا بووە، کە لەگەڵ ئەواندا کاری ڕێکخستنی ڕێکخراوی ناوبراوی کردووە[xxviii]. بەڵام میقداد بەدرخانیش بەهۆی هەموو ئەو فشارەی ، کە لەلایەن فەرمانڕەوایانی عوسمانییەوە کراوەتە سەر بنەماڵەکەیان ، بەناچارییەوە دووبارە گەڕاوەتەوە ئەستەمبووڵی ژێردەسەڵاتی عوسمانی ، هەرچەندە لێرە بەدواوە ڕۆژنامەکە بە پەرتەوازەیەکی زیاترو بەڕادەیەکی دوورتر لە وڵاتی کوردستان بڵاوکراوەتەوە ، کە زۆر بەئاسانی نەتوانراوە ژمارەکانی بگەیەنرێتەوە دەستی خوێنەران و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ، هەرچەندە لەسەر هەمان ڕێبازو پەیڕەوو بۆچوونی ژیاری و ڕەخنەگرانەی خۆی بەردەوام بووەو زۆر بەوردییەوە بایەخی بە بارودۆخ و ژیواری ڕۆژانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان داوەو ڕەخنەی خۆی لەو جۆرە سیاسەت و سیستەمە گرتووە ، کە فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی عوسمانی دژ بە کەسانی ڕووناکبیرو ڕیفۆرمخوازانی ئەو وڵاتە جێبەجێیان کردووە ، وەك دەبینیت ڕووناکبیرو کەسایەتیەکی وەك عەبدولڕەحمان بەدرخان پاشا ، وەك هەمان هەڵوێستی میقداد بەدرخانی برای و لە ڕێگای ڕۆژنامەکەیەوە چەندین پێشنیارو بیرخەرەوە و سکاڵانامەی ڕوو

بەڕووی سوڵتانی عوسمانی و کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی کردۆتەوەو ، تیایدا باسی ئەو ئاکارو ڕەخنانەی کاربەدەستانی خۆی بۆ ڕوونکردۆتەوە ، کە دژ بەئەندامانی بنەماڵەکەی ئەو ئە نجامیان داوەو بەبەردەوامی براو کەس و کاری ئەویان زینـدانی کردووەو ڕێگەی گەڕانەوەو چوونەوە کوردستانیان لێگرتوون [xxix] . تەنانەت لەم بارەیەوە عەبدولڕەحمان بەدرخان لە بارەی خۆی و وڵات بەجێ هێشتنی خۆیەوە نووسیویەتی : منێکی بێدەسەلات دوای بەدەستهێنانی بەڵگەنامەی خوێندنگەکانی سوڵتانی و موڵکی لە یەکێك لە خوێندگاکانی ئامادەیی سەر بەوەزارەتی پەروەردە بە پلەی باشکاتب دامەزرام و بۆماوەی شەش حەوت ساڵێك کارم کردووە ، ئومێدی گەورەم خزمەتکردنی نیشتمان و میللەتەکەم بوو ، بەلاّم چارم نەبوو ، ئەوزوڵم و زۆرداریيەی کە تەنانەت مارو مێرووشی بریندار دەکرد ، بۆ بەرهەڵستی هیواکانم و کاتێك توانای مانەوەم نەما لەئەستەمبووڵدا کارومەچەکم کردە فیدای مەبەستی پیرۆزم و خۆم هاویشتە باوەشی ئازادی[xxx] . هەروەها لەبەشێکی تری داواکاریەکانیدا عەبدولڕەحمان بەدرخان پاشا ئەوەدەخاتەوە یادی سوڵتانی عوسمانی ، کە ئەوان و بنەماڵەی ئەوان لەهیچ ڕەفتارێکی ئەو سڵ ناکەنەوە ، بەڵکو ئەوان لەنەوەی ئەو بەدرخان پاشا ( 1843– 1847 ) یەن ، کە بۆ ماوەیەکی زۆر ڕێبەرایەتی شۆڕشی کوردو خەباتی کوردایەتی گرتبووە دەستەوە ، دواتریش ئەوە بۆ سوڵتانی عوسمانی ڕوون دەکاتەوەو داوای لێدەکات ، با کار بەدەستێکی وەك ئەبوهودای سەیادی قیبتی ( 1849– 1909 )[xxxi] واز لە دژایەتی براو کەس وکارەکەی ئەو بهێنێت ، وەك ئەوەی هەر لەو بارەیەشەوە زۆر بەڕوونی بۆ سوڵتانی عوسمانی نووسیویەتی : ( لە کاتێدا خۆت یەکێکی لەئەندامانی خانەوادەی سەڵتەنەتی عوسمانی ئایا بۆچی توانای تێگەیشتنی ئەم ڕاستیەت نیە ئەم جۆرە تەگبیرو کردارانە ئەگەر کاریگەریی لەسەر کەسێکی ترسنۆکی وەك ( ابوالهدی ) قیبتی نیە ، کە کردووتانە بەتاجی سەرتان ، هیچ کاتێك کارناکاتە سەر کوڕی قارەمانێك ، کە لەگەڵ سوڵتان عەبدولەجیدی باوکتدا جەنگابێت ... )[xxxii] .

بەجۆرێك ئەم ڕەوش و بارودۆخەش لەکاتێدا بووە ، کە هەلومەرجی کوردستان و ناوچە کورد نشینەکان ، لە ئەوپەڕی لوتکەی ئاوەدانی و داکۆکی کردنیاندا بووە ، بۆ خاك و وڵاتی خۆیان ، بەدرخان پاشای بە ناوبانگ هەردەم بەدوای ئەوەدا گەڕاوە ، کە خۆشگوزەرانییەکی زیاترو ژیوارێکی فەراهەمترو ئاسوودەتر ، بۆ وڵات و گەلەکەی دەستەبەر بکات ، چونکە ڕۆژگاری دەسەلاّت و فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتی عوسمانی بۆ خۆی ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو هەڵدێر و گەندەڵی دەسەلاّت هەنگاوی ناوە ، ئەوانەشی کە باجی ئەم نەهامەتی و گەندەڵیەیان داوەتەوە ، تەنهاو تەنها کۆمەلاّنی خەڵك و ئەو چینە هەژارو لێقەوماوەی نێو ئەو نەتەوەو گەلە ژێردەستانە بوون ، کە بەدرێژایی مێژوو کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی کردوویانەتە داشی دامەی سیاسەت و مانەوەی خۆیان ، لە دەسەلاّت و فەرمانڕەوایەتیدا ، هەرئەوەش بووە کەسایەتیەکی وەك عەبدولڕەحمان بەدرخان پاشا والێبکات ، کە بە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی عوسمانی بڵێت و بۆی بنووسێت : ( لەوکاتەدا باوکی ڕەحمەتیم بەدرخان بەگ لە کوردستاندا بوو ، گوندەکانی ناوچەکە هەریەکەی ( 100 ) خێزانی زیاتری تێدا نیشتەجێبوو ، ئێستا دوای کاولکردنیان ، ئەگەر ( 20 ) خێزانی تێدا مابێت ، پەککەوتەیەکی زۆر لەژن و ئەو منداڵە هەتیوو ڕووت و قووت و بێکەس و بێچارانەی ، کە بەسکی برسی لە پەنا دیوارەکاندا هەڵتووتاون ... ) ، شانبەشانی ئەوانەش بۆی دەنووسێت و پێی دەڵێت : ( هەوڵ و کۆششەکانتان ، تەنیا

بۆ ناو كۆشكەكانتان تەرخان نەكرێت ) . بەڵكو تۆزێك بیرتان لە ژیانی كۆمەڵانی خەڵك و چاوێكیش بەناوچەكانی كوردستاندا بگێڕن ، كە بەداخەوە ئەمڕۆ لەهەموو جۆرە ئاسەوارێكی شارستانی بێ بەشە [xxxiii] . هەموو ئەو نووسین و بە دواداچوونانەی ، كە ڕۆژنامەی ( كوردستان ) چ لە سەردەمی میقداد مەدحەت بەدرخان بەگدا لەقاهیرەو چ ئەوانەشی ، كە دواتر لەسەردەمی عەبدولڕەحمان بەدرخان پاشای برابچووكیدا لە شاری ( جنێڤ ) هەر ئەوەنەبووە ، كە تەنها بە دەستی كاربەدەستانی عوسمانی گەیشتبێت و تەنها ئەوانیش ئاگاداری ئەوەبووبێتن و بزانن كەسێك هەیە لەسەنگەری قەڵەم و لە ڕێگای نووسین و كاری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسییەوە بۆ كورد و مافی ڕەوای گەلی كورد تێدەكۆشێت ، بەڵكو بە پێی هەموو ئەو ژمارانەی ، كە لەئەوپەڕی دو نیاوەو بە ئەوپەڕی كوللەمەرگییەوە ، توانیوویەتی بیانگەیەنێتەوە كوردستان ، لەگەڵ ئەوەشدا لەلایەن خوێنەرو كۆمەڵانی خەڵكەوە ، تارادەیەك بەباشی خوێندراوەتەوەو لەو كەین و بەینانەی بە ئاگا بوون ، كە ڕۆژنامەی ( كوردستان ) لەوكاتەدا بووە بە دینامیكیەت و هۆكاری سوڕانەوەی ، وەك ئەوەی لە ژمارە ( 17 ) هەڤدەی كوردستاندا ، عەبدولڕەحمان بەدرخان پاشا ، بە پێی دەقی نامەی ( كوردێك ) ، كە لە ولاتی كوردستانەوە بۆی ڕەوانەكردووە ، ئەویش لە ژمارەی ناوبراوی كوردستاندا بلاوی كردۆتەوە ، خاوەن و نووسەری نامەكە واهەست و پیرۆزبایی خۆی دەگەیەنێتە خاوەنی ڕۆژنامەی ( كوردستان ) وەك لەبڕگەیەكیدا نووسیویەتی : ( جگە لەیەك ژمارە سەرجەم ژمارەكانی ڕۆژنامەی كوردستانم خوێندۆتەوە، ئەم پێشكەوتنە بەسایەی ئەو خۆڕاگری و تێكۆشانە لەڕادە بەدەرەوەتانەوەیە ، كە میللەتێكتان بەئەلفبای سەرنجدان و وردبوونەوە ئاشناكردووە ، دەست خۆشی و پیرۆزباییتان لێ دەكەم ... ) [xxxiv] .

## تەوەری دووەم / ڕۆژنامەی كوردستان و دۆزی ئەرمەن

هەرلەوكاتەوەی كە نەتەوەیەكی وەك ئەرمەن كەوتنە بندەستی دەسەلات و فەرمانڕەوایەتی عوسمانییەوە ، پێشترو لەسالانی سەدەی چواردەیەمدا ، ئەرمەنیەكان وەك ڕەعیەتێكی دیان واتە مەسیحی و بە پێی یاسای عوسمانی بە( زیمی – Dhimmi ) ناسرا بوون ، كە مەبەست لێی ئەو ڕەعیەتە غەیرە موسڵمانانەن ، كە لەرێعایەتی دەوڵەتی توركی موسڵماندا دەژین ، خەڵكیش بۆ بێزراندن پێیان دەگووتن كافر ( Gavur ) [xxxv] . هەندێك سەرچاوەی تریش لەبارەیانەوە نووسیویەتی كە گوایە : ئەرمەنەكان لەشوێنی ڕەسەنی خۆیانەوەو بەتایبەتی لەناوەندەكانی سەدەی دەیەمی زاینییەوە ، لە ژێر فشاری سەلجوقیەكانی ڕۆمدا هاتوونەتە ناوچەكانی ڕوهاو ئەنتاكیەو كیلیكیە [xxxvi] . دواتریش بوونەتە جێی سەرنجی ئەوەی كە بەشێوازێكی ترو بەچاوێكی ترەوە بە بەراورد لەگەڵ گەلان و نەتەوەكانی تری ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی عوسمانیدا مامەڵەیان لەگەڵدا بكرێت ، وەك ئەبینی جێگری كۆنسوڵی بەریتانی لەئەدەنە ( Adana ) پ . ھ . ماسی( P.H.Massy ) لەبارەیانەوە دەنووسێت : دانیشتوانە ئەرمەنەكان لە هەموو ناوچەكاندا لەلایەن ئەو نیزامەوە دەچەوسێنرێنەوەو ئازادی گەڕان و بەدەستهێنانی قووتی ڕۆژانەیان لێ زەوتكراوەو هەستكردن بەئاسایشی سەرو ماڵیان لێسەندراوەتەوە ، بە هەموو شێوازێك و زۆر دلڕەقانە ، باجیان لێ كۆدەكاتەوە ، تەنانەت لە هەژارترین خێزانیش ، زیندانەكانیشی پڕكردووە ، لەخەڵكی بێ تاوان ، كە بەدرێژایی چەندین مانگ بێ دادگاییكردن دەكرێنە ژوورەوە [xxxvii] .

هەربۆیە دەكرێت بوترێت دۆزی ئەرمەن و كوشتاری ناڕەوای گەلێكی وەك ئەرمەن ، وەك یەكێك لەو ڕووداوو دۆزە هەستیارانەی ، كە لەلایەن فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی عوسمانییەوە بەخەستی كاری لەسەركراو پلانی پێشوەختی بۆ دڕێژراو هاوكات بووە جێی سەرنج و بایەخی زۆرێك لە ناوەندەكانی ڕاگەیاندن و بڵاوكردنەوە ، یەكێك لەو ڕۆژنامانەش كە بەچەند ساڵێك دواترو لە دوورە وڵاتی و لەتاراوگە بڵاوكرایەوە ، ئەویش ڕۆژنامەی ( كوردستان )ی هەردوو برای بەدرخانی ( میقداد مەدحەت بەدرخان ) و ( عەبدولڕەحمان بەدرخان ) بوو ، كە ئەمانیش بەهەمان شێوەو بەبایەخەوە سەرلاپەڕەكانی ڕۆژنامەكەی خۆیانیان بۆ دۆسیەی ئەرمەن و دۆزی ڕەوای نەتەوەی ئەرمەن تەرخانكرد و تاڕادەیەكی زۆر داكۆكیان لەسەركردن ، كە ئەمەش بۆ خۆی دیارترین و بەرچاوترین سەرچاوەی كوردی و ڕاگەیاندنی كوردی زۆر نزیك بووە لەوردەكاریەكانی ئەو ڕووداوەوە ، بەتایبەتی لەوڵاتی كوردستان و ئەو ناوچە كوردنشینانەدا ، كە نەتەوەیەكی بێ دەرەتانی وەك ئەرمەنی لەلایەن فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی عوسمانی و دام ودەزگای سوارەی حەمیدیەی سوڵتانی عوسمانییەوە ، تیا قەتڵ و عام دەكراو بەبێ تاوان دەكوژران ، هەرچەندە زۆر ڕاستیشە بەوەی كە بوترێت ڕۆژنامەیەكی وەك ( كوردستان )، لەو قۆناغ و هەلومەرجەی كوردستان و ناوچەكەدا وەك زما نحالێ ڕێكخراوو حیزبێكی سیاسی كوردی و تەنانەت نەش دەكرا وەك ڕایەكی گشتی گەلی كورد و بەشێوازێكی بەرفراوان باسی لێوەبكرێت[xxxviii] . بەلام بەدیوێكی تریشداو سەرەڕای كۆسپ بۆ دروستكردن و ڕێگەنەدانی دامودەزگا ئەمنیەكانی فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی عوسمانی ، كەچی لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەكانی ڕۆژنامەی ( كوردستان ) بەڕادەیەكی زۆر باش و بەرفراوان دەگەیشتنەوە ناوەوەی كوردستان و زۆرێك لە ڕووناكبیرو چینی خوێندەوارو دەستەبژێری كوردیش خوێندوویانەوتەوەو هاوكات سەرنج و بۆ چوونی خۆیانیان بۆ بەرپرس و بەڕێوەبەری ڕۆژنامەكە بەنامەی تایبەت نووسیوە ، بەتایبەتی لە شارو ناوچەكانی ئەودەمانەی كوردستان و غەیری كوردستانی وەك : ماردین ، دیاربەكر ، ئەدنە ، جەزیرە ، دیمەشق ، مووسڵ ، سلێمانی ، شام و تەرابلس[xxxix] . هەروەها لەمەسەلەی گەیشتنەوەو هێنانەوەی زۆرێك لەژمارەكانی ڕۆژنامەی ( كوردستان )دا بۆ ناوچە جۆربەجۆرەكانی وڵات ، ڕێكخستنە ئەرمەنیەكان چ ئەوانەیان لە تاراوگە كاریان دەكردو چ ئەوانەشیان كە لەناوەوەی وڵاتدا بوون ڕۆڵێكی بەرچاوو كارایان هەبووە لەهێنانەوەو دابەشكردنیدا بەسەر دانیشتوانی ناوچە كورد نشینەكاندا[xl] . سەرەڕای ئەو ژمارانەی ڕۆژنامەی كوردستان ، كە بەشێوازێكی باش بەزۆرێك لەوڵاتانی ئەوروپای وەك ئەڵمانیا ، نەمساو ئینگلتەراگەیشتوون ، بەتایبەتی بەكەسایەتی و ڕۆژهەڵاتناسەكانی ئەودەمانە لەوانە عەرەبناس و ڕۆژهەلات ناسێكی وەك پرۆفیسۆر مارتن هارتمان H.Hartmann ( 1851 – 1918 ) كە لەودەمانەدا جگە لەشارەزایی سەبارەت بە مێژووی ئیسلام ، هاوكات زمانی زۆربەی گەلانی ڕۆژهەلاتی زانیوەو تەنانەت هەر لەودەمانەشدا لەڕێگای عەبدولڕەحمان بەدرخان پاشای بۆتانەوە سەرگەرمی فێربوونی زمانی كوردی بووە[xli] .

بۆ نموونە كەسایەتیەكی وەك میقداد بەدرخان پاشا هەر لە ژمارە ( 3 )ی ڕۆژنامەی كوردستانەوە ، شێوازی پێكدادان و ناكۆكیەكانی نێوان گەلی كورد و ئەرمەنی بەكارێكی خراپ لێكداوەتەوەو تەنانەت باسی لەوەشكردووە، كە ئەو لەژمارەكانی دواتردا لە سەر ئەم بابەتە دەنووسێت[xlii] . لەم ماوەیەش بەدواوە كوردەكان ئەوەیان لائاشكرا دەبێت ، كە واقیعی خەلافەتی

عوسمانی و هەڵوێستیان بەرانبەر بەکۆمەڵانی خەڵك چۆنەو ئەو عینایەت و کەرامەتەی ئەو هەتا کوێ بڕو هەتەردەکات ، کوردەکانیش پێشتر چۆن بیریان کردۆتەوە ، وەك لەبەشێکی تری نامەکەیدا هاتووە : ( کوردەکان نەیان ئەزانی خەلیفە چیە، تێگەیاندنیان چەند هیمەتێکی گەورەیە ، کوردەکان وایان ئەزانی حکومەت هەرچیەك بکات حەقی خۆیەتی و پاشا هەرچی کارێك پێی هەڵسێت کەرامەت و عینایەتە ، ئێوە لە کوردەکانتان گەیاند، کە ئەو بۆچوونەیان ڕاست نیەو هەرکەسەو خاوەنی مافێکی دیاری کراوی خۆیەتی ، ئەو مشتومڕەی قەڵەمە کە خستووتانەتە ئەستۆی خۆتان غەزایەکی زۆر پیرۆزە )، ئەم تەعبیرکردن و بۆ چوونانەی ، کە بە ناوی کوردێکەوە نێردراوە بۆ ڕۆژنامەی ( کوردستان ) ناوەڕۆك و ئەوڕاو لێکدانەوانەوەی ، کە لەچوارچێوەی دا دەردەبڕێن ، دەلالەت لەوە دەکەن ، کە کەسێکی ڕووناکبیرو شارەزای بارودۆخی کوردستانی ئەوکاتە نووسیبێتی ، ئەمەش بۆ خۆی وایکردووە ، کە ڕۆژ بە ڕۆژ ڕۆژنامەکە خەڵکی زیاتر و خوێنەری زیاتری لە دەور کۆببێتەوە و خۆیان بە پاڵپشتی کەری بەردەوامی بزانن ، جا ئیتر بۆ شوێنە ونکردن بوو بێت یان خاوەنی ڕۆژنامەکە خۆی مەبەستی بوو بێت ، ناوی ڕووناکبیرو کەسایەتیە پەیوەندارەکانی خۆی ئاشکرا نەکردووە ، نەبادا کاربەدەستانی سەر بە سوڵتانی عوسمانی ، دواتر لێ پرسینەوەو هەڵوێستی خراپیان لە دژ ئەنجام بدەن ، لە تەوەرێکی تردا کاتێك ڕۆژنامەی کوردستان باس لەبارودۆخی کوردستان و ئەو نەهامەتیانەش دەکات ، کە بە هاندان و دەستێوەردانی ولاتانی بیانی و عوسمانیەکان خۆیان دروستیان کردو کوردو ئەرمەنیان کردۆتە نەیاری یەکتری ، شەڕی براکوژی و کۆمەڵ کوژی دژ بە نەتەوەی ئەرمەن هاتەکایەوە ، هەر لەم بارەیەشەوە بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەکە زۆر ژیرانەو وردبینانە پەردە لەسەر هەموو ئەو تۆمەتانە هەڵ دەماڵن ، کە دەدرێنە پاڵ گەلێکی وەك کورد ، سەبارەت بە کوشتاری ئەرمەن و لە ناوبردنی ئەرمەن ، هاوکات هەموو ئەو پڕوپاگەندەو قاوانەش بەدرۆ دەخاتەوە ، کە دوژمنانی کوردو ولاتانی داگیرکەر لەو دەمانەدا بۆ کوردیان هەڵدەبەست ، زۆر بەوردی باسی لەوەشکردووە ، کە کوشتاری ئەرمەنیەکان پلانێك بووە ، کە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی عوسمانی خۆی بەناوی ئیسلام و ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە دژی ئەرمەنیەکان ئەنجامی ئەدات ، کە لەو ڕۆژگارو ماوەیەدا لەهەوڵی ئەوەدابوون ، کە کیان و دەسەلاتێك بۆ خۆیان پێکبهێنن و بۆ ئەوەی چیتر لە ژێر زوڵم و ستەمی فەرمانڕەوایانی عوسمانیدا نەمێننەوە ، کە ڕۆژانە دەرهەق بەئەوان و ئایین و پیرۆزییەکانی ئەوان و ماڵ و منداڵی ئەوان دەکراو دەیانەویست کوردەکان بۆ مەبەست گەلێکی لەم جۆرە بەکار بهێنن و هانیان بدەن لە دژی ئەوان بجەنگن و لە سەر حاڵ و ماڵ و زێدی خۆیاندا بەتاڵانیان بەرن ، جا بۆ هوشیارکردنەوەی کوردو هەلومەرجێکی لەو بابەتەش ، خاوەنی ڕۆژنامەی کوردستان عەبدولڕەحمان بەدرخان پاشا لە ژمارە ( 25 )ی ڕۆژنامەکەیداو بەناونیشانی : ( بۆ کوردەکان ) نووسیویەتی :

( ئەی برایانی نەجیم تکاتان لێ دەکەم کە بەدڵ و بە گیان گوێ لەو قسانەم بگرن ، کە لەناخی دڵ و دەروونی خرۆشاومەوە هەڵدەقوڵێت ، بە پێویستی نازانم دەربارەی بێ بایەخێکی وەك خۆم بدوێم ، تەنیا ئەوەندە خۆمتان پێدەناسێنم من کوڕی باوکێکم بە پشت بەستن بە شمشێرەکەی لە ڕێی پاراستنی ئازادی و بەختەوەریی ئێوەدا واتە ئەم قەومە نەجیب و تاقانەیەدا گیانی خۆی بەخت کردووە ، ئەمڕۆ منیش لە غوربەتی ڕۆژئاوادا بۆ هەمان مەبەست تێدەکۆشم ... )[xliii] . لەگەڵ ئەوەشدا داوای

هاوخەباتی و پاراستنی ئەوئەرمەنیانەش دەكات كە لەلایەن فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی عوسمانییەوە ڕۆژانە ماڵ وێران دەبن و دەنووسێت : ( پێویستە پەككەوتەو بێ تاوانەكانی ئەرمەنیەكان بپارێزن ، لە ڕووی چەند خرا پە كارێك ڕازی مەبن بە كاولكردنی ماڵ و حاڵی دوو ملیۆن كەس )[xliv] . هەروەها شانبەشانی ئەوەو بۆ بەرپەرچدانەوەی وتەو لێدوانەكانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی عوسمانی كە وتوویەتی : ( ئەرمەنەكان دووژمنی كوردن .. ) ، ڕۆژنامەی ( كوردستان )یش لە ژمارە ( 7 ) حەوتی ساڵی ( 1898 )دا ، بەڕوونی دەنووسێت : ( ئەوعەبدولحەمیدەی كە ئەڵێت ئەرمەنەكان دوژمنتانن ، ئەمە ڕاست نیە بەڵكو هەرخۆی تاوانباری یەكەمە لە نانەوەی دوژمنایەتی نەتەوەیی لەولاتدا و خۆ ئەگەر بڕواش بەقسەكانی دەكەن ، ئەوا ئەوبەرەو لە ناو بردنتان دەبات ... )[xlv] . هەروەها ئەوەشیان بۆ دەگێڕێتەوە ، كە بەهۆی ئەو بارە نالەبارەو كوشتاری نەتەوەی ئەرمەنەوە، كە دەستی گەلی كوردیشی پێ سووركراوەو ڕۆژانە كوردەكان ، هێرش دەكەنە سەر ئەرمەنیەكان ، بۆ بەدی هێنانی مەرامێك ، كە فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی عوسمانی خۆیانی لە پشتەوەن و وەك لە بڕگەیەكی تری وتارەكەیدا دەنووسێت: ( بەهۆی پێناسەی كوردایەتیەوە ، كە جێی شانازیمە لەلایەن ئەوروپاییەكانەوە لە ئەوروپا جۆرەها سەر زەنشت دەكرێم لەڕووی ئەو كردەوە خرا پانەی ئێوە دەرحەق بە ئەرمەنیەكان ... )[xlvi] .

لە هەمانكاتیشدا سەرەڕای ڕوونكردنەوەی مەرامی دواڕۆژی ئەرمەنیەكان بۆ سەر كوردو ولاتی كوردستان ، دانیشتوانی كوردستان و ئەو خەڵكانە هوشیار و ئاگاداردەكاتەوە كە لە مێژەوە شانبە شانی ئەرمەنیەكانی دراوسێ ژیاون و وەك یەك لەلایەن كار بەدەستان و فەرمانڕەویانی عوسمانییەوە زوڵمیان لێ دەكرێت ، حاڵی حازر لە خەباتی ئەوەدان : ( ببنەنە خاوەنی مافی خۆیان ) ، هەنگاو و خەباتێكی لەوجۆرەش بە هیچ جۆرێك نابێتە كۆسپ و ڕێگر لە ڕێی ئێوەدا تا واتان لێ بكات و مافی ئەوەتان پێ نادەن هێرش بكەنە سەریان و قەتلو عامیان بكەن ، نابێت بڕوا بە پشتگیری حكومەت بكەن ، چونكە لە ولاتی توركیادا ئەوەی : ( بە توانابێت دەبێتە خاوەنی مافی خۆی ) ، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا خاوەنی ڕۆژنامەی كوردستان ڕوو لە گەلی كورد و كۆمەلانی خەڵكی كوردستان دەكات و دەنووسێت : ( ئێوە لە جیاتی ئەوەی پەلاماری كۆمەڵێك پەككەوتەی ئەرمەنی بدەن ، كە لە ژێر باڵی ئێوەدا خۆیان كز كردووە ، هەوڵ بدەن و غیرەت بكەن بۆ شكاندنی ئەو تەوقە زوڵم و زۆردارییەی ، كە ئێوەی بێ بەشكردووە لە هەموو خۆشیەكی ژیان و پێشكەوتن و بە ختەوەری ، ئەوە بزانن كە لە ڕوانگەی حەقیقەتدا پەنجا قات لەو ئەرمەنیە مەزڵوومانە مەزڵووم ترن ... ) . جا بۆیە پێویستە لە سەرتان وەك گەل و نەتەوەیەكی زوڵم لێ كراو ، وەك ئەركێكی مرۆڤایەتی : ( پێویستە پەككەوتەو بێ تاوانەكانی ئەرمەنیەكان بپارێزن ، لە ڕووی چەند خرا پە كارێك ڕازی مەبن بەكاولكردنی حاڵ و ماڵیان ... ) . باچیتر نەبینە ئامێری دەستی سوڵتان و خوێنی نەتەوەو ڕەگەزە ئایینیەكانی دی بەدەستی ئێمە نەڕێژێت ، ئەو هەموو كوشتارو تۆوی دووبەرەكایەتیەش ، كە سوڵتانی عوسمانی بە پێی سیاسەتی ( فرق تسد ) واتە ( پەرتكە و زاڵ بە )ی ئەوانەی هەنگاوی خراپ و ئاكاری نا مرۆڤانەی خراپ نەخەینەسەر خەرمانی پڕ لە سەروەریی مێژوومان ، لە پێناوی هێنانەدی و : ( جێبەجێكردنی ئارەزووە خوێنڕێژ و جنایەتكارانەی پاشامان ) . بەڵكو : ( چ كوردەكان و چ ئەرمەنییەكان ، ئەگەر دەیانەوێت لەم بارودۆخە پڕ لە ئازارەو لەم زوڵم و زۆردارییانە ببێت بە ڕێككەوتن و یەكگرتن

سەركەوتن بە دەست دێنن )[xlvii]. كەچی لەولاشەوە كەسایەتیەكی وەك مەلاسالْحی جەزیری هەرلە شاری جەزیرەوە سەبارەت بەم بارودۆخە نامەیەكی بۆ ڕۆژنامەی كوردستان ناردووەو دژی سیاسەتی دواكەوتوویی سوڵتانی عوسمانی بۆتەوەو دەنووسێت : ( قوتا بخانە لە هەموو شوێنێك دەكرێتەوەو گەلان خەریكی گشت كارێكی داهێنانن و بە ئامرازەكانی پێشكەوتنەوە سەرقاڵن ، بەلام سوڵتان هەرئەوەی پێ دەكرێت كورد لەدژی ئەرمەن هان بدات ، ئێستا زانیومانە ئەرمەنیش گەلێكی ژێر دەستەی چەوساوەیەو دەزانین داوای چی دەكەن و دەیشزانین چی لەژێر سەری سوڵتان دایە ، كردەوەو كۆششی ئەوەیەتی تاسەر لەچۆڵەوانی پاشكەوتندا بمانهێڵێتەوە ، تا هەلی بۆ بڕەخسێت بە ئاسانی تۆوی ڕق و كینەی دژبەئەرمە نمان لە دەروونمدا بچێنێت ، باسوڵتان بزانێ لەمەودوا ئەوە دووپات نابێتەوە و چیمان پێ بكرێت بۆ پێشكەوتنی مرۆڤایەتی دەیكەین )[xlviii].

بەڕادەیەكی ئەوتۆ لەم بارەیەشەوە دەیان نموونەی گونجاو سەبارەت بە ئاكارو سیاسەتی زاڵمانەی سوڵتانی عوسمانی دەهێنێتەوەو لەسەر لا پەڕەو ژمارەكانی ڕۆژنامەی كوردستاندا ، بەزۆری بلاوی كردوونەتەوەو بۆ جەماوەری ئەوكاتەی كوردستانی ڕوون دەكاتەوە ، بەجۆرێك جەخت لەسەر ئەوەش دەكاتەوە لەوە زیاتر كورد بە هانای دەست و پێوەندەكانی سوڵتانی عوسمانیەوە نەچن و وا ناوی بردوون ، كە ئەبێت لە بری ئەوانەو ئاكاری سوڵتانی عوسمانی : ( هەزار ڕەحمەت بۆ گیانی جەنگیزو تەیموور بنێرن ) ، چونكە باش بزانن ئەو كاربەدەست و ( والی و موتەسەریف و قائمقامانەی ) ئەوان بەردەوام لەوەدان ، هانتان بدەن بۆ تالانكردن و خیانەتكردن لە ویژدانتان ، فەرموون بەچاوی خۆتان ببینن چیان لە دەستاندا هێشتۆتەوە غەیری ئەوەی ( شەرەف و نامووسیشتان ئەتك ئەكەن ) ، تەنانەت كارێكتان پێ ئەكەن : ( خواو پێغەمبەریش نەهی لێ كردووە ) . جگە لەهەموو ئەوانەش هەر عەبدولڕەحمان بەدرخان پاشای خاوەنی ڕۆژنامەی ( كوردستان ) بوو ، كە ڕاسترین و دروسترین هەڵوێستی بەرانبەر بە كوشتاری ئەرمەنیەكان هەبوو ، بۆنموونە كارگەیشت بەوەی ئەم پیاوە دووربینە بەئاشكرا حاشای لە عوسمانی كوڕی خۆی كرد ، چونكە لە كوشتاری ئەرمەنیەكاندا بەشداربوو[xlix]. هەروەها بۆ بەرپەرچدانەوەو بەرز ڕاگرتنی هەستی كوردانەو بەرانبەر بەوهەڵوێستانەی دوژمنانی كورد ، هەر عەبدولڕەحمان بەدرخان بیرخەرەوەیەكی جوانی هێناوەتە یاد و بۆ كۆمەلانی خەڵكی كوردستانی باس دەكات ، بۆ ئەوەی چاوی لێ بكەن و هەر ئەوانیش هەمان هەڵوێست وەربگرن ، وەك ئەوەی لە شوێنێكی تردا دەنووسێت : ( چەند ساڵێك لەمەوبەر لە وان بە فەرمانی پاشا كۆنگرەیەك بەستراوە ، بڕیاردرا هانی كوردەكان بدرێت بۆ كوشت و بڕی ئەرمەنیەكان ، خوالێخۆشبوو شێخ عەبدوڵلا كە یەكێك بوو لەئامادەبوانی كۆنگرەكە هەستاو وتی لەبەر ئەوەی كوشتنی ئەرمەنیەكان بەم جۆرە پێچەوانەی فەرمانەكانی خوایە ، ئەو پاشایەی كە ئەو جۆرە فەرمانانە دەردەكات ، بەیاخی و زاڵم دەژمێردرێت ، پێویستە لەسەركار لابرێت و دوای ئەو قسانە كۆنگرەی بەجێ هێشت ، كوردەكان ئەم كرداره مەردانەیەی شێخی ناوبراو بۆچی نابێت بە میسالێكی باش بۆ ئێوە ، یان لەگەڵ كردارەكانتاندا ڕێك ناكەوێت )[l]. هەروەكو ئەوەی پێمان بڵێت : ئێوەش چاو لە كەسانی واو لە هەڵوێست گەلی لەو بابەتە بكەن ، تۆزێك بە خۆتاندا بچنەوە ، با بارودۆخەكە لەوە زیاتر تەشەنە نەكات و ولاتی تریش نەیەنە ناو ئەم هاوكێشەیەوە ، با ناوچەو ولاتەكەتان لەوەزیاتر بشێوی و ترس و خرپە كاری تیا بلاونەبێتەوە ، وەك ئەوەی لەوماوەیەوە ، كە ئەم دووبەرەكایەتی و كوشتارە دەستی پێكردووە ، ولاتانی ( ئینگلیزو ڕووسەكان )یش ، بەناوی پاراستنی بەرژەوەندی خۆیانەوە ،

خەریكن دێنە ناوكایەكەوەو زیاتر ئاگری ئەو دووژمنایەتی و دووبەرەكایەتیە خۆش ئەكەن ، پاشتریش ڕوومان لێ دەكاتەوەو لێمان دەپرسێت : ( ئەو شەرەف مەندیەی كە باپیرانتان بەهەزار هەوڵ و تەقەلاو گیان بەختكردن بە دەستیان هێناوە ، چۆن ویژدانتان قبوولٚ دەكات بە پەڵەی خوێن لەكەداری بكەن ؟ ئایا شێلانی ئەو خاكە پیرۆزەی نیشتمانەكەتان ، كە مایەی ژیانتانە لە ژێر پێی دوژمندا لە حەمییەتاندا جێی دەبێتەوە )، بەجۆرێك لە كۆتایی ئەو وتارەكەشیدا ، كە لە ژمارە ( 27 )ی ڕۆژنامەی ( كوردستان )دا بلأوی كردۆتەوە عەبدولرەحمان بەدرخان پاشا بەڕووحیەتێكی بەر پرسیارانەو بەمەسئوولیەتێكی گەورەوە ، داوای یەكێتی و یەك ڕیزی گەلی كورد دەكات و زۆر بەڕاشكاویەوە دەنووسێت : ( هەموو دەست بخەنە ناو دەستی یەك و هیمەت بكەن بە شێوەیەكی برایانە پێكەوە بژین ، كارێكیش كە بەدڵێكی پاكەوە ئەنجام بدرێت بە فەرمانی خودا سەركەوتوو دەبێت .. ) [li] . هەروەها لەبارەی ڕێككەوتن و یەكڕیزی كوردو نەتەوەی ئەرمەنیشەوە نووسیویەتی : هەموو تاوانێكی گەورە لەئەستۆی سوڵتان عەبدولحە مید دایە ، هەر هەموشیان دەبنە مایەی زەرەرو زیانی گەورە لە نێوان كورد و ئەرمەندا ، خۆ ئەگەر كوردو ئەرمەنیش بیانەوێت لەم قەیران وكێشەیە ڕزگاریان بێت ، ئەوا پێویستە لە سەریان لەگەڵ یەكدیدارێك بكەون و پێكەوە و بە هەردوولایانەوە ڕووبەڕووی سوڵتان و بەرپرسە گەندەڵ كارەكانی ببنەوە لە كوردستاندا [lii] .

### تەوەری سێیەم / ڕۆژنامەی كوردستان و سواری حەمیدیە

یەكێك لەو هەنگاوانەی ، كە وەك گۆڕانكارییەكی سیاسی و سەربازیی ، فەرمانڕەوایانی عوسمانی و بەتاییەتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی عوسمانی ویستی بەزۆری لەهۆز وخێڵە كوردییەكان پێكەوەی بنێت و بەشێوازێكی ڕاستەوخۆ لە ژێر چاودێری و لەفەرمانی شەخسی خۆی لانەدەن ئەویش پێكەوە نانی دەزگایەكی سەربازی و هێزێكی چەكداری بوو ، بە ناوی سوارەی حەمیدیەوە ، ئەوەبوو سەرەتا سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی ، كەسایەتیەكی وەك سەمیح پاشای ڕاسپارد بۆ ئەوەی ئەم ئەركەی بۆ جێبەجێ بكات و هەروەها هێزێكی سوارەش لە عەشیرەتە كوردەكان پێكبهێنێت ، كە سەر بەسوپا بێت ، بەلأم لە قۆناغی یەكەمدا هەوڵەكانی سەمیح پاشا بە هۆی مل نەدان و دوودڵی عەشیرەتە كوردییەكانەوە ، سەركەوتنێكی ئەوتۆی بەدەست نەهێنا ، هەرچەندە دواتر هەندێك خێڵ و هۆزی وەك زیلانی و كاسكانایی هێزی خۆیان بۆ ڕیزەكانی ڕەوانەكرد [liii] . كەچی بە پێچەوانەشەوە لە كۆی پێنج هۆزی ناوچەی بەدلیس تەنها بەشێكی هۆزی جەلالی چوونە ڕیزەكانی سوارەی حەمیدیەوە ، بەلأم لەویلایەتی دیاربەكر و ناوچەی دەرسیمدا بە هەموویانەوە دژی ئەم پرۆسەیە وەستان . هاوكات هەریەك لە بەدرخانیەكان و شەمزینی و تەنانەت لە بەشی باشووری كوردستانیشدا ، كەسایەتیەكی وەك شێخ مەحموودی حەفید ( 1881– 1956 ) و پشدەریەكان و هۆزی ناسراوی هەمەوەندیش ، كە بەردەوام بە هۆزێكی سەركێش و لێهاتوو شۆرەت و ناو بانگیان ڕۆیشتبوو ، بەدەنگی بانگەوازەكەی سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی نەچوون [liv] . بەوەی ئەم هۆزەی دوایی قەت ئەوەیان بیر نەچووبووەوە ، كە چۆن فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی عوسمانی لە كۆتایی هەشتاكانی سەدەی نۆزدەهەمدا بەشێكی یەكجار زۆری هۆزەكەیان بۆ ناوچە دوورەدەستەكانی ئەنادۆڵ و باكووری ئەفریقیاو بەتاییەتی ولأتی لیبیای ئەمڕۆ دوورخستەوە [lv] .

ڕۆژنامەی ( کوردستان )یش لای خۆیەوەو وەك هەڵویستێك ، بەرانبەر بە دەزگای سەربازیی ( سوارەی جەمیدیە ) و بەناونیشانی : ( لیواکانی سوارەی حەمیدیە )ەوە، لەژمارە ( 28 )ی خۆیدا ، بابەتێکی دوورو درێژی لە( 15ی ئەیلولی 1901 )دا بلاوکردۆتەوەو تیایدا سوارەی حەمیدیەی وەك : (( دامودەزگایەکی گەندەڵ )) ناو بردووە [lvi]. تەنانەت مێژووناسێکی وەك کەمال مەزهەر ئەحمەد( لەدایك بووی 1937 )یش ، زۆر جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوەو دەنووسێت : هەرکاتێك ناوی ڕۆژنامەی ( کوردستان ) هاتە پێشەوە ، دەبێت دوو ڕووی پڕ شانازی ئەم ڕۆژنامەیە بخرێتە بەرچاو ، یەکەمیان هەڵویستی ڕۆژنامەی( کوردستانە ) بەرانبەر بە گەلی ئەرمەن و ئەوی تریان بەرانبەر بەودەزگا سەربازییە دواکەوتووەی سوڵتانی عوسمانییە ، کە لە دەوروبەری کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا بە ناوی سوارەی حەمیدییەوە لە پیاوی چەکداری هۆزانی کوردو شەرکەس ( چەرکەس ) دا یمەزراند[lvii]. هەموو ئەمانەش بەسەریەکەوە بریتی بوون لە هێزێکی باشی مەشق پێکراوی سوڵتانی عوسمانی و لە کوردەکان دروستی کردبوون و چەکی باش و جل و بەرگی جیاوازی پێدابوون ، ئەم فەوجەی حەمیدییە ، تەنها لەلایەن سوڵتانەوە فەرمانیان پێ دەکرا ، ئەمانیش زۆر دڵسۆز بوون بۆی ...و هاوکات بە پێکێنان و دروستکردنی ئەم فەوجانەش سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی توانی کۆنترۆڵی ئەو کوردە سەرکەشانە بکات ، لەلایەکی دیشەوە بەکاری دەهێنان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەرمەنەکاندا بەو شێوەیەی کە خۆیان پێیان خۆش بوو [lviii]. هەرچەندە بەدیوێکی تردا و هەنگاوگەلێکی لەم جۆرەش ، بەمەبەستی پێکەوەنانی سوارەی حەمیدیە ، بەشێوازێکی پراکتیکی بەتەواویی بۆ سوڵتانی عوسمانی نەهاتەدی تا ئەوکاتەی لە مانگی ( کانوونی دووەمی 1890 )دا ، سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم ، مەرسومێکی بلاوکردەوە بە مەبەستی پێکەوەنانی هێزێکی سوارە لە کوردەکان و لەناوچە کوردنشینەکاندا ، بەلام وەکتر مێژووی ڕاگەیاندن و جێبەجێکردن و بلاوکردنەوەی ئەم مەسومەو بە شێوازێکی پراکتیکی ، وەك ئەوەی زۆرێك لە مێژوونووسان و لێکۆڵەرانی بواری مێژوو لە سەری کۆك بن ، زیاتر دەگەرێتەوە بۆ مانگی( کانوونی دووەمی 1891 )[lix]. بەوەی یەکێك لەو هەنگاوانەی ، کە فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی عوسمانی لەچوارچێوەی دەسەلاتیاندا هەنگاویان بۆ دەنا ، بەتایبەتی لە نێوەندی کۆمەڵگای کوردی ئەو دەمانەدا، هەروەها ئەو خێڵ و هێزە کوردیانەی ، کە لە ناوچە جۆر بە جۆرەکانی کوردستانی ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی عوسمانیدا بوون ، ئەوەش بۆخۆی پێکەوەنانی ئەو هێزە چەکدارییە بوو ، کە لە سەر شێوازی فەوج و گروپی جۆر بەجۆر بەزۆری لەخێڵ و هۆزە کوردەکان پێکی هێنان ، کە دواتر لە مێژووی نوێی گەلی کورد و دەوڵەتی عوسمانی و تەنانەت تەواویی ناوچەکەشدا بە( سوارەی حەمیدییە ) ناسراو بەزۆری هەڵێنجان و دەست نیشانکردنی ناوەکەشی لە ناوی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی عوسمانی خۆیەوە سەرچاوەی گرتبوو [lx].

بەجۆرێك بیرۆکەی پێکهێنانی ئەم فەوج و گروپە چەکدارییەی سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی لە سیزارەکانی ولاتی ڕووسیاوە وەرگیرابوو [lxi]. بەوەی ئەوان پێشتر لە خێڵ و هۆزە کوردەکانی پشتەوەی ناوچەی قەوقاز و بەسەرۆکایەتی سەرهەنگێکی سەربازی بە ناوی ( م . ت . لۆریس میلیکۆف M.T. Lorees Melekove )ەوەو لەساڵی ( 1878 ) دا پێکیان هێنابوو ، کە بە قۆزاق ناسرابوون [lxii]. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەردوو ولاتی دراوسێی دەوڵەتی عوسمانی ، کە بریتی

بوون لە ڕووسیای قەیسەری و ئێرانی قاجاری زۆر كەیف خۆش نەبوون بە پێكهێنانی ئەم دامەزراوەیە بە تایبەتی ولآتێكی گەورەی وەك ڕووسیا[lxiii] . چونكە ڕووسیای سیزاری لەدەرئە نجامی سەركەتنیدا بە سەر دەوڵەتی عوسمانیداو لە چوارچێوەی پەیماننامەی نێودەوڵەتی ( سان ستیڤانۆی 1878 )دا ، بە تایبەتی لەماددەی ( 16 ) شازدەیەمیدا ، بەتەواویی پێی لەسەر ئەوە داگرتووە كە : ( بەرلەوەی سوپای ڕووسیا لە ڕۆژهەلآتی ئەنادۆڵ بكشێتەوە ، دەبێت دەوڵەتی عوسمانی بەڵێنی ئەوە بدات ، كە لەماوەیەكی كورتدا هەموو مافێكی ئەرمەنیەكان دەستە بەر بكات و لە پەلاماری كورد و شەركەسیەكانیش بیانپارێزێت )[lxiv] . بەلآم بە پێچەوانەوەو بەچەند ساڵێك دواتر تەنها لەماوەی ساڵی ( 1895 ) دا بە هەزاران ئەرمەنی پەرتەوازە لەدەرئە نجامی هێرش و سەركوتكردنی ( سوارەی حەمیدییە )دا لە شارو ناوچەكانی ئەستەمبووڵ ، تەرابزوون ، ئەرزنجان ، بەدلیس ، ئەرزڕووم ، دیاربەكر ، عەرەبكیر و مەلاتیە كوژران[lxv] .

بەزۆری گرنگترین ئەو هۆكارانەشی ، كە بوونەمایەی دامەزراندن پێكهێنانی ئەم دامەزراوە چەكدارییە، بەسەریەكەوە بریتی بوون لە : هەوڵی دەوڵەتی عوسمانی بۆ سوود وەرگرتن لە كوردەكان بەرامبەر بە ڕووسیا لە ناوچە سنووریەكانی دەوڵەتی عوسمانی دا و هاوكات بەكارهێنانیان وەك هێزێك بۆ سەركوتكردنی بزوتنەوە نەتەوەییەكانی كورد و بەشداریكردنیان لە لێدانی نەتەوەكانی تردا بە تایبەتی ئەوانەی ، كە داوای مافی خۆیان دەكرد ، سەرەڕای مل كەچكردنی هۆزو عەشیرەتە كوردەكان بۆ حكومەتی ناوەندی و بۆ ئەوەی ڕێگەی ئەوەیان لێبگرێت داوای مافە نەتەوەیی و نیشتمانیەكانیان بكەن و پشتیوانی خۆشیان بۆ سوڵتانی عوسمانی دەستەبەر بكەن[lxvi] . كەچی ڕۆژنامەی ( كوردستان ) كە بەماوەك ، پاش مەرسوومی دامەزراندنی ( سوارەی حەمیدیە ) و لە نێوان ساڵانی ( 1898- 1902 ) بلآوكرایەوە ، ڕەخنەیەكی زۆر لە دامەزراوەو سوارەی حەمیدیە دەگرێت و وەك دامەزراوەیەكی خراپ ناوزەدی كردووە[lxvii] . وەك ئەوەی عەبدولڕەحمان بەدرخان پاشای دەرهێنەری ڕۆژنامەكە بەهەمان شێوە لەدرێژەی بابەتی ژمارە ( 28 )ی ڕۆژنامەی ( كوردستان ) دا و بەناونیشانی : ( لیوا سوارەكانی حەمیدییە )ەوە ، لە بابەتە سەرنج ڕاكێش و سەربەخۆكەیدا ، كە پەیوەندی تەواوو یەكانگیری بەلێكۆڵینەوەو بابەتەكەی ئێمەوە هەیە نووسیوویەتی : ( كوردستان كە دەكەوێتە ڕۆژهەلآتی دەوڵەتی عوسمانی و هاوسێی دەوڵەتی ئێران و ڕووسیایە ، لە ڕووی ستراتیجی و سەربازییەوە ناسكترین و فراوانترین و هاوكات قووڵترین ناوچەی نیشتمانەكەمانە ، ئەمڕۆ لە پێناو بەردەوامی ژیانی سیاسی و تەكامولی حكومەتەكەماندا ، بە دەستهێنانی ( ڕۆم ئیلی ) پێویستیەكی لە ڕادەبەدەر و هاوكات بۆ كوردستانیش هەمان پێویستی و گرنگی هەست پێ دەكرێت ... هەروەها ئەسڵی مەبەستیشمان بۆ دروستكردنی هێزی دەریایی دەرخستنی گرنگی ستراتیجی سەربازیی كوردستان و ڕاگەیاندنی قەدرو پلەی لیوا سوارەكانی حەمیدیە بوو ، ئەگەر بێت و ڕووسیا نیازی پەلاماردان و لە ناو بردنی كوردستانی هەبێت ، دەبێت ئەوە بزانێت ، كە ئەو كوردستانە دەبێتە گۆڕەپانی جەنگێكی گەورەی دڵتەزێن . جگە لەوەش لە بارەی بیرۆكەی دامەزراندنی سوارەی حەمیدیەشەوە ڕۆژنامەی ( كوردستان ) و بەتایبەتی عەبدولڕەحمان بەدرخان پاشا وای دەگێڕێتەوە كە : بیركردنەوە لە پێكهێنانی ( لیواكانی حەمیدیە ) لەئە نجامی هەستكردن بەمەترسی ڕوودانی ڕاپەڕینێكی گشتی كوردەكان بوو ، لە هەموو خاڵێكی نیشتمانەكەمانداو دژی ئەو زوڵم و

زۆرداریی و كارە ناڕەوایانەی ، كە حكومەت لە ناوچەكەدا پەیڕەوی دەكات ، هەروەها لەدەرئە نجامی ڕا پۆرتێكی زەكی پاشای موشیری سوپای چوارەم ( كە بە باوكی ڕۆحی ئەم سوارانە ناسرا بوو ) ، وەك ئەوەی لەسەرەتای یەكەم ڕا پەڕینی ئەرمەنیەكاندا ، دابووی بە شاهنشاهی هەمایۆنی و ئەگەری بەشداربوونی كوردەكانیشی بە هەمایۆنی ڕاگەیاندبوو[lxviii]. شانبەشانی هەموو ئەوانەش باس لە تەمەنی دامەزراندنی سوارەی حەمیدیە دەكات و تەنانەت جەخت لەسەر ئەو شێوازی تاوان و ئاكارانەیان دەكاتەوە ، كە لە وڵاتی كوردستاندا ئە نجامیانداوە ، وەك دەنووسێت : ئەو لیوا سواریانەی كە پێكهێنراون ، لە دەساڵ لەمەو بەرەوەو تاكو ئەمڕۆ ئەو تاوانە نامرۆیانەی لە كوردستاندا ئە نجامیان داون لە پلەیەكی وادابوون ، كە سەرنجی جیهان ڕابكێشن و بوونەتە جێی ڕەخنەی نەتەوەكانی نیشتمانی عوسمانی . لە ناوەوەدا ئەو ملیونەها لیرەیەی ، كە بە ناحەق لە قەرەبووی ئەو زەرەرو زیانانەی ، كە گوایا لە كەسانێكی سەر بەدەوڵەتە گەورەكان لە ئە نجامی كوشتاری ئەرمەنیەكان لێیان كەوتووە لە ناوبردنی ئاوەدانی و بەختەوەریی لە نیشتماندا و دروست بوونی كلاوەی خوێناوی لە هەموو كوچەیەكیدا لە ناوبردنی هەزاران كەس بێ دادگاییكردن و خوێناویكردنی شمشێری بەنرخی عوسمانی بەخوێنی بێ تاوانان . بە یەكدادانی ئەو كۆمەڵە جیا جیایانەی میللەت ، كە لەچەندین سەدەوە وەك برا بەئاسوودەیی ژیاون ، بێهێزكردن و لاوازكردنی ئەو سوپایەی كە لە بنەمادا بۆ بەرگریكردن لە نیشتمان پێكهێنراوە ، ئەمانە هەموو ئەو خرا پەكاریانەی لیواكانی سوارەی حەمیدیەن ، كە تاكو ئەمڕۆش لە ئە نجامدانیدا بەردەوامن ، ئەو لیوایانەی حەمیدیە خاوەنی چەكێكی زۆرو فەرمانی شاهانەن ، هەروەك لە ( یەنی چەریەكان )وە بۆیان مابێتەوە وایە[lxix] . لەم خولی شارستانیەتەدا پەلاماری گوندو شارۆچكەكان ئەدەن ، بە پێكهێنانی چەند مەفرەزەیەكی چەتەگەریی كوردستانیان لە هەیەجان و تالانكردندا نوقم كردووە[lxx]. تەنانەت لەدوا ژمارەشیدا ڕۆژنامەی كوردستان جەخت لە سەر زوڵم و زۆرداریی حەمیدیەكان دەكاتەوەو ئەوەبیری كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان و نەتەوەكانی ژێردەسەڵاتی عورسمانی دەهێنێتەوە هەركاتێك توانیمان : ( زوڵم و زۆرداری حەمیدیەكان لەناو بەرین ، ئەوكاتە هەموومان بەگشتی ، بە سەربەستی و گەشەدارییەوە لەوڵاتەكەماندا دەژین ... )[lxxi].

شانبەشانی هەموو ئەوانەش ڕۆژنامەی ( كوردستان ) ئاكارو هەڵوێستی سوڵتانی عوسمانی بەڕێكارێكی زەلیلانە ناودەبات و لە ڕوانگەی ئەوەی هەوڵی چارەسەری كێشەو داواكاریەكانی كۆمەڵانی خەڵك بدات كەچی ئەو : ( هەموو كارو جووڵانەوەكانی عەبدولحەمید جۆرە زەلیلییەكی تێدا دەردەكەوێت و شێوەی ژیان و هەڵسوكەوتی لە شێوەی هەڵسوكەوتی خزمەتكارێكی ماڵان دایە ، تەنانەت ئەگەر كوڕی خزمەتكارێكی ماڵانیش بكرێت بە پاشای میللەتێك بەكاریگەریی ئەو تەختەی ژێری و ئەوتاجەی سەری گۆڕانكارییەكی كەمیش بێت لە كردەوەكانیدا ڕووئەدات و گەورەییەك نیشان ئەدات .. )[lxxii] . بەلام ئەو بە پێچەوانەوە كەچی سەنگەری لە كۆمەڵانی خەڵك و گەلەكەی خۆی گرتووەو زۆر بێ ڕەحمانە لە ناویان دەبات ، ئەمانەو دەیان نووسین و بابەتی ڕەخنەگرانەی ، ڕۆشنگەرانەی سەرنج ڕاكێش لەسەر لا پەڕەكانی یەكەمین خولی ڕۆژنامەی ( كوردستان )دا ، دەخوێندرێنەوەو بەرچاودەكەون ، كە بە باشی هەڵدەگرێت لە چوارچێوەی كتێب و تێزێكی سەربەخۆی زانستیدا لەبارەیەوە بنووسرێت و ناوەرۆكە دەوڵەمەندەكەی لێك بدرێتەوە .

## سەرچاوەو پەراوێزەکان

[i]- حاجی قادری کۆیی ، دیوانی حاجی قادری کۆیی ، لێکۆڵینەوە ولێکدانەوەی : سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا ، ( سنە : 1390 ) ، ل 152 - 153 .

[ii] - دەقی شیعرەکەی هەژاری موکریانی بەم شێوەیە : چەپ گەردی گەردوون گەڕان کوشتمی

نەزان پەرستی ... بۆ نان کوشتمی

ئەی مردن لە کوێی .. ژیان کوشتمی

[iii] - دەقی شیعرەکەی ئیدریس جەماع بە عەرەبی بەم شێوەیە :

اين حظي كدقيق فوق شوك نثره

ثم قالوا لحفاه يوم ريح اجمعوه

صعب الامر عليهم قال قوم أتركوه

أن من أشقاه ربي كيف أنتم تسعدوه

[iv] - کەمال مەزهەر ئەحمەد ، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، ( بەغدا : 1978 ) ، ل 18- 19 .

[v] - سەبارەت بە ڕێکەوت و مێژووی یەکەمین ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی ( کوردستان ) ی قاهیرە ، هەریەك لە دکتۆر جەلیلی جەلیل و فەرهاد شاکەلی لەگەڵ ئەوەدان ، کە ڕۆژنامەی ناوبراو ، یەکەمین ژمارەی لە ( 21ی نیسانی 1898 ) دا ، بڵاوکرابێتەوە نەك لە ( 22ی نیسانی 1898 )دا . جا بۆ زیاتر بڕوانە : جەلیلی جەلیل ، بوژانەوەی ڕۆشنبیری و نەتەوەیی کورد ، کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم – سەرەتای سەدەی بیستەم ، وەراگێڕنی : سدیق ساڵح ، ( سلێمانی : 2000 ) ، ل 24 ، فەرهاد شاکەلی ، ڕۆژنامەگەری کوردی : ڕاستکردنەوەی هەڵەیەکی چل ساڵە ، ئاسۆ ( ڕۆژنامە )، ژمارە ( 413 ) ، یەك شەممە 22/ 4/ 2007، ل 4.

[vi] - ڕۆژنامەی کوردستان : کە بەسەریەکەوەو لە ماوەی ساڵانی ( 1898 – 1902 )دا ، تەنها ( 31 ) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە ، لە هەنگاوی یەکەمی دا ، بە ( 4 ) لاپەڕەی تەواوەوە و بەزمانی کوردی و تورکی ، هەر لە ژمارە ( 1- 5 )ی لە

لایەن میقداد مەدحەت بەدرخان پاشاوە لە شاری قاهیرە بلاّوی كردۆتەوە ، بەلاّم لێرە بەدواوە ئەركی بلاّوكردنەوەی كەوتۆتە ئەستۆی عەبدولڕەحمان بەدرخانی برای و توانیویەتی هەر لە ژمارە ( 6- 31 ) ی لە شارەكانی گەورەكانی وەك : ( قاهیرە ، جنێڤ ، لەندەن ، فۆلكستۆن ، جنیف ) بلاّویكاتەوە ، بەجۆرێك لە ژمارە ( 6- 19 ) ی لە جنێڤ و هەروەها لە ژمارە ( 20- 23 ) ی دووبارە لە شاری ( قاهیرە ) ی ولاّتی میسر بلاّوكردۆتەوە ، كەچی تەنها ژمارە ( 24 )ی لە شاری لەندەن دەركردووە ، هاوكات هەرلە ژمارە ( 25 - 29 ) لە شاری ( فۆلكستۆن ) ی باشووری لەندەن بلاّوكردۆتەوە . بەلاّم هەردوو ژمارەی كۆتایی ، كە دەكاتە ژمارە ( 30- 31 ) بۆ جارێكی دی لە شاری جنێڤ بلاّوی كردوونەتەوە . بڕوانە : دكتۆر كەمال فوئاد ، كوردستان یەكەمین ڕۆژنامەی كوردی 1898- 1902، چ3 ، ( تاران : 2006 )، ل 3.

vii - دكتۆر كەمال فوئاد ، كوردستان یەكەمین ڕۆژنامەی كوردی ، ل 3 .

viii - جورجی حەبیب زیدان : نووسەرو ڕۆژنامەوان و مێژوونووسێكی دیانی ( مسیحی ) لبنانیە ، ساڵی ( 1861 ) لە گوندی ( عین عنب )ی ، چیای لبنان لە خێزانێكی هەژاری مەسیحی دایك بووە ، لە ساڵی ( 1892 )دا، بۆ یەكەم جار ( گۆڤاری هیلال ) ی بەناوبانگی لە ولاّتی میسردا بلاّوكردۆتەوە و لە دیارترین نووسەرە ناسراوەكانی ئەوكاتەی وەك : ئەحمەد زەكی ، حوسێن موئنیس ، عەلی ئەلڕاعی و شاعیری ناسراو سالح جەودەت نووسین و بەرهەمی دانسقەی خۆیان تیا بلاّوكردۆتەوە ، جگە لە زمانی عەرەبی هاوكات شارەزاییەكی بەرچاوی لە زمانەكانی : عیبری ، سریانی ، فەرەنسی و ئینگلیزیدا هەبووە وسەرەتا لە كۆلێژی ( پزیشكی ) وەرگیراوە . بەلاّم دواتر لێی پاشگەزبۆتەوەو كۆلێژی ( سەیدەلیە ) ی خوێندووە ، بەسەریەكەوە و لە ماوەی ( 53 ) ساڵی تەمەنیدا، دەیان كتێب و ڕۆمان وبەرهەمی جۆر بەجۆری بلاّوكردتەوە و لە ( 21ی ئابی 1914 ) دا كۆچی دوایی كردووە . بڕوانە : عبدالحمید الرشودی ، انصفوا هڑا الرجل جرجی زیدان النموڑج الامپل للعصامیه والنبوغ العبقری ، منارات ( جریده ) ، ملحق پقافی اسبوعی یصدر عن جریده المدی ، العدد ( 2464 ) ، الاربعاو، ( 25 نیسان 2012 ).

ix - كەمال فوئاد ، كوردستان یەكەمین ڕۆژنامەی كوردی 1898 – 1902 ، ل 11- 30 .

x - میقداد مەدحەت بەدرخان پاشا : كوڕی بەدرخان پاشای گەورەیە ، بەلاّم تا ئێستا ساڵی لە دایك بوون و قۆناغی منالّی زۆر ڕوون نیە كە چۆن ژیاوە ، لە ساڵی ( 1889 ) دا هاوكاری ئەمین عالی بەدرخانی برای بووە لە ڕا پەڕینێكیدا دی سولّتان عەبدولحەمیدی عوسمانی لە ناوچەی تەرابزون و سنووروكانی باكوری كوردستان كە تیایدا سەركەوتوو نەبوون ، بۆ یەكەم

جارو لە ( 22ی نیسانی 1898 ) دا یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لە قاهیرە بلاوکردۆتەوەو ناوی لێ ناوە ( کوردستان ) ، لە ساڵی ( 1908 ) بەدواوەو بە تایبەتی پاش بەرپابوونی هەڵگەڕانەوەی عوسمانی پەیوەندی کردۆتە حیزبی ئازادی و ئیتلافی عوسمانی ) ەوەو لە دەوروبەری ساڵی ( 1917 ) دا کۆچی دوایی کردووە و لە ژیانیدا تەنها دووکوڕی هەبووە بە ناوەکانی ئایەتڵڵا و فاروقەوە لە گەڵ تاقە کچێکی دا کە تائێستا نازانرێ ناوی چی بووە . بڕوانە : هوگر گاهر توفيق ، الكرد و المسالە الارمنيە 1877 – 1920 ، دار ئاراس للگباعە والنشر ، ( اربيل : 2012 ) ، ص 320 ، فەرهاد پیربال ، پێشەکی : کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی 1898- 1902 ، کۆکردنەوەو پێشەکی : دکتۆر کەمال فوئاد ، لە بلاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ ، ( سلێمانی : 2000 )، ل 14.

[xi] – محەمەد عەلی پاشا : محەمەد عەلی پاشای کوڕی ئیبراهیم ئاغا ، کە بەدامەزرێنەری میسری نوێ و بنەماڵەی خدێوی میسری ناودەبرێت ، ساڵی ( 1769 ) لە شاری ( قۆلە ) ی ولاتی ئەلبانیا لەدایك بووە ، بەلام بە پێی گێڕانەوەی یەکێك نەوەکانی و لە یادی ( 100 ) ساڵەی گۆڤاری ( المصور ) ی میسریدادەڵێت : ( ئەم بنەماڵەیە بە بنەچە لە دیاربەکری ولاتی کوردانەوە هاتووەو لێرەوە باوکی محەمەد عەلی ودووبرای هاتوونەتە شاری قۆلە ) و بەزۆری لەم شارەدا پێ گەیووەو قۆناغەکانی خوێندنی دەست پێ کردووە ، تائەوکاتەی لە سوپای عوسمانیدا بۆتە ئەفسەری سەربازی و ئەوکاتەی سوپای فەرەنسیەکان ولاتی میسریان داگیرکردووە ، محەمەد عەلی وەکیلی تیپی سەربازی قۆلە بووە و لەوودەمانەشیدا کەسوپای عوسمانی لە شەڕی ( ئەبی قیر )ی ساڵی ( 1799 )دا بەرانبەر بەفەرەنسیەکان شکستی هێناوە ، فەرماندە عوسمانیەکەی گەڕاوەتەوە و محەمەد عەلی جێگای گرتۆتەوە و پلەی سەربازی بۆ پلەی ( بەگباشی ) بەرزکراوەتەوە ، دوای دەرچوونی فەرەنسیەکان لە ولاتی میسر لەلایەن سوڵتانی عوسمانیەوە محەمەد عەلی کراوەتە والی میسرو نازناوی ( پاشا ) ی پێ بەخشیوە، دواتر توانیویەتی گەورەترین دەسەلات و فەرمانڕەوایەتی لە میسردا پێکەوە بنێ و هاوکات ولاتەکانی سودان و شام بخاتە ژێردەسەلاتی خۆیەوەو کۆتایی بەهەندێك بزوتنەوەی یاخی گەری بهێنێت ، بەجۆرێك بووە جێی مەترسی ولاتانی ئەوروپاو پەیماننامەی لەندەنی ( 1841 ) یان بەسەردا سەپاندو سنووریان بۆ دەسەلاتەکەی دانا ، بەلام وەکتر توانی لە ڕووی جۆربەجۆری سەربازی ، ئابووری و بەڕێوەبردنەوە میسر ئاوەدان بکاتەوە ، تا ئەوکاتەی لە تەمەنی ( 83 )دا ، لە شاری ئەسکەندەریە کۆچی دوایی کرد . هەرچەندە نەوەکانی تا ساڵی ( 1952 ) لە دەسەلاتدا ماونەتەوە وکاروباری میسری

خدێویان بەڕێوەبردووە . بڕوانە : كەمال مەزهەر ئەحمەد ، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی كورد ، ب1، ( بەغدا : 1985 )، ل 250 ، محمد علی الصویركی ، معجم اعلام الكرد فی التاریخ الاسلامی والعصر الحدیث فی كردستان و خارجها، ( السلیمانیه : 2006 ) ، ص 662 – 663 .

xii - بەدرخان پاشا : كوڕی عەبدالْ خانی كوڕی ئیسماعیل خانە ، ساڵی ( 1802 یان 1803 ) لە شاری جەزیرەی ( ناوەندی میرنشینی بۆتان ) لەدایك بووە ، لە ماوەی ساڵانی ( 1821- 1847 ) كاروباری میرایەتی بۆتانی كەوتۆتە ئەستۆ ، لە دەرئە نجامی ڕاپەڕینەكەیدا ( 1843- 1847 ) لەلایەن سوڵتان عەبدولمەجیدی یەكەمی ( 1839- 1861 ) عوسمانییەوە ، بۆشاری قەندەهیەی دورگەی ( كریت )ی نێو دەریای سپی ناوەڕاست دوورخراوەتەوە ، دوای گەڕانەوەی بۆماوەیەك ، لە ولاْتی شام ژیاوەو لە ساڵی ( 1869 ) دا لە شاری دیمەشق كۆچی دوایی كردووەو لە گۆڕستانی ( سالحێیە ) ی گەڕەكی كوردان و لە نزیكی گۆڕی مەولاناخالیدی نەقشبەندییەوە نێژراوە . بڕوانە : صلاح هروری ، اماره بوتان فی عهد الامیر بدرخان 1821-1847 ، ( دهوك : 2000 ) ، ل 13- 14 .

xiii - بڕوانە : فەرهاد پیربالْ ، پێشەكی : كوردستان یەكەمین ڕۆژنامەی كوردی 1898- 1902 ، ل 14.

xiv - میر شەرەفخانی بەدلیسی : ساڵی ( 1543 ) لە شارۆچكەی ( گروهورد ) سەر بەشاری ( قوم ) ی ولاْتی ئێران لە دایك بووە ، ئەمەش لە كاتێكدا بووە ، كە میر شەمسەدینی باوكی حەوت ساڵی تەواوبوو ، پەیوەندی بە فەرمانڕەوایانی سەفەوییەوە كردبوو ، بەتایبەتی لەماوەی حوكمڕانیەتی شا تەهماسبی یەكەمدا ، دایكی كچی ( ئەمیر خانی موسلۆ ) بووە ، لەوكاتەشەوە ، كە باوكی لە كاروباری فەرمانڕەوایەتی دوورخرایەوە ، توانیوویەتی بگاتە دەسەلاْت و ماوەیەك كاروباری ناوچەكانی ساڵیان و مەحموود ئابادو گەیلانی خراوەتە ئەستۆوە ، لە مردنی تەهماسب شا بەدواوە ، ئیسماعیل میرزای دووەم بە هەمان شێوازی پێشوو، بانگی كردۆتەلای خۆی لە ( قەزوین ) و پلەی ( میری میران ) ی لەناوچە كوردنشینەكان و لوڕستان و گۆرانی پێ سپاردووە . دواتر بەهۆی هەندێك پیلانی كاربەدەستانی سەفەوییەوەو تێكەوتنی چەند كەسایەتیەك ، لای سوڵتانی عوسمانی مورادی سێیەم ، بەوەی موڵكەكانیان بۆ بگێڕنەوە ، گەڕاوەتەوەو كراوەتە فەرمانڕەوای بەدلیس و نازناوی ( خان ) ی دراوەتێ ، لە ساڵی ( 1597 )دا ، لە كاروباری بەڕێوەبردن دووركەوتۆتەوەو كتێبی : ( شەرەفنامە )ی بەزمانی فارسی نووسیوەتەوەو لە ساڵی ( 1603 ) دا ، كۆچی دوایی كردووە بڕوانە : مصگفی احمد النجار ، شرفخان بدلیسی ومنهجه التاریخی من خلال كتابە

شرفنامه ، ( دهوك : 2007 ) ، ص 36 - 41 ، محمد علی الصویركی ، معجم اعلام الكرد ، ( السلیمانیه : 2006 ) ، ص 343 – 344 .

[xv] - جەلیلی جەلیل ، بوژانەوەی ڕۆشنبیری و نەتەوەیی كورد ، كۆتایی سەدەی نۆزدەیەم ، ل 40 .

[xvi] - ڕۆژنامەی ( كوردستان ) ، ژمارە ( 2 ) ، ( 23ی نیسانی 1898 ) .

[xvii] - جەلیلی جەلیل ، بوژانەوەی ڕۆشنبیری و نەتەوەیی كورد ، كۆتایی سەدەی نۆزدەیەم – سەرەتای سەدەی بیستەم ، وەرگێڕانی : سدیق ساڵح ، ( سلێمانی : 2000 ) ، ل 25 .

[xviii]- جەلیلی جەلیل ، بوژانەوەی ڕۆشنبیری و نەتەوەیی كورد ، كۆتایی سەدەی نۆزدەیەم ، ل 26- 27.

[xix] - جەلیلی جەلیل ، بوژانەوەی ڕۆشنبیری و نەتەوەیی كورد ، ل 32.

[xx] - ڕۆژنامەی كوردستان ، ژمارە ( 3 ) ، ( 20ی ئایاری 1898 ) .

[xxi] - سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم : كوڕی سوڵتان عەبدولمەجیدی ( 1839- 1861 ) عوسمانیە ، لە ژنی دووەمی ، كە ئەویش جاریەیەكی شەركەسی بووەو ناوی ( تیری موژگان ) بووە ، لە ( 21ی ئەیلولی 1882 ) دا لە دایك بووە ، هێشتا تەمەنی حەوت ساڵان بوو ، كە دایكی لە تەمەنی ( 23 ) ساڵیدا كۆچی دوایی كرد ، پلەكانی خوێندنی لای مامۆستای تایبەت تەواوكردووەو زمانی عەرەبی و فارسی و فەرەنسی بە باشی زانیووە ، كەسایەتیەك بووە ، بەزۆری ئارەزووی لە خوێندنەوەو تیرهاویشتن و سوارچاكی كردووە . وەك دەسەڵاتیش بەسەریەكەوە نزیكەی ( 32 ) ساڵ و ( 6 ) مانگ و ( 26 ) ڕۆژ لە كاروباری فەرمانڕەوایەتی عوسمانیدا ماوەتەوە ( 1876- 1909 ) ، تا ئەوكاتەی لە ( 10ی شوباتی 1918 ) دا ، كۆچی دوایی كردووە . بڕوانە : ماجد محمد زاخویی ، الفرسان الحمیدیە 1891- 1923، ( دهوك : 2008 ) ، ص 35.

[xxii] - ڕۆژنامەی ( كوردستان ) ، ژمارە ( 4 ) ، ( 4ی حوزەیرانی 1898 ) .

[xxiii] - ڕۆژنامەی ( كوردستان ) ، ژمارە ( 5 ) ، ( حوزەیرانی 1898 ) .

[xxiv] - ڕۆژنامەی كوردستان ، ژمارە ( 2 ) ، ( 23ی نیسانی 1898 ) .

[xxv] - عەبدولڕەحمان بەدرخان : كوڕی میر بەدرخانی گەورەیەو لە ساڵی ( 1868 ) دا لە شاری ئەستەمبووڵ لەدایك بووە و بەشێكی زۆری پلەكانی خوێندنی هەرلەم شارەوە دەست پێ كردووە ، پێش پەیوەندی كردنی بە ڕیزەكانی ئۆپۆزسیونەوە دژی

دەوڵەتی عوسمانی و سوڵتانی عوسمانی ، جێگری بەڕێوەبەری وەزارەتی مەعاریف بووە ، لە دوای میقداد بەدرخانی برای و لە شاری جنێڤ كاروباری دەركردنی ڕۆژنامەی كوردستانی گرتۆتە ئەستۆ ، هاوكات ئەندامی ڕێكخراوی ( ئیتیحادو تەرەقی )بووەو لە گەڵ حیكمەت عارفدا ، ئەندامی كۆنگرەی دووەمی ئەوڕێكخراوە بوون ، كە لە ساڵی ( 1902 ) دا لە شاری پاریس بەستراوە ، لە ساڵی ( 1910 ) دا ، بەڕێوەبەری یەكەمین ( قوتا بخانەی كوردی ) بووە لە شاری ئەستەمبووڵ و لە ساڵی ( 1936 ) كۆچی دوایی كردووە . بڕوانە : هوگر گاهر توفیق ، الكرد والمسالە الارمنیە 1877- 1920 ، ص 312، صلاح محمد سلیم هروری ، الاسرە البدرخانیە ، نشاگها السیاسی والپقافی 1900- 1950 ، ( دهوك : 2004 ) ، ص 23 .

xxvi - عەبدوڵلا جەودەت : كوڕی حاجی عومەر واسف ئەفەندییە ، لە( 9ی ئەیلولی 1869 )دا ، لە گوندی ( عەرەبكیر ) ی باكووری كوردستان ، لە بنەماڵەیەكی ناسراوی كورد بە ناوی ( عومەر ئۆغلولیری ) لە دایك بووە ، دایكی ناوی ( لامیعە مستەفا ) بووە ، لە ( مایسی 1889 )داو لەگەڵ ئسحاق سكووتی هاوەڵ و خەڵكی شاری ( دیاربەكر ) و ئیبراهیم تیمۆی بە ڕەگەز ئەلبانی و محەمەد ڕەشید شەركەسی قەوقازیدا ، یەكەمین شانەی ڕێكخراوی یەكێتی و سەركەوتن ( ئیتیحاد و تەرەقی ) یان دامەزراند ، بۆ ماوەیەكی زۆر و دوای هەلاتنی ، خۆی گەیاندۆتە وڵاتانی ئەوروپا و بەتایبەتی شاری ( جنیڤ ) ، پاشان لەگەڵ بەشێك هاوەڵانیدا ، سەرگەرمی كاری سیاسی و چالاكی ڕۆژنامەوانی بووە لەوانە بلاوكردنەوەی ڕۆژنامەی ( عوسمانلی ) بە هەردوو زمانی توركی و فەرەنسی ، لە ساڵی ( 1905 ) دا پارتی دیموكراتی عوسمانی دادەمەزرێنێ و لەنیوان ساڵانی ( 1904- 1932 ) بەسەریەكەوە ( 358 ) ژمارەی گۆڤارێكی بە ناوی ( ئیجتهاد ) ەوە بلاوكردۆتەوەو بیرەجیاكانی خۆی لە ڕێگای ئەم گۆڤارەوە هێناوەتە گۆ و تا لەژیاندا بووە سێ ژنی هێناوەو لە ( 29ی كانوونی یەكەمی 1932 )دا ، كۆچی دوایی كردووە و لە گۆڕستانی مەركەز ئەفەندی لە شاری ئەستەمبووڵ نێژراوە ، نووسەرێكی بە بەرهەم بووەو نزیكەی چل كتێبی بلاوكردۆتەوە . بڕوانە : مالمیسانژ ( محمد گیفون ) ، القومیە الكردیە و دكتور عبداللە جودت فی مگلع القرن العشرین ، ( اربیل : 2000 ) ، ص 9- 11، شوكری محەمەد سەگبان ، پرسی كورد كێشە گەلی كەمینە نەتەوەكان ، وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە : نەجاتی عەبدوڵلا ، ( هەولێر : 2013 ) ، ل 89 – 90 ، قادر سلیم شمو ، موقف الكورد من الحرب الاستقلال التركیە 1919- 1922، ( دهوك : 2008 )، ص 24، ڕۆهات ئەلاكۆم ، كوردەكانی ئەستەمبووڵی كۆن 1453 – 1925 ، وەرگێڕانی : ئەحمەد تاقانە ،( هەولێر : 2005 ) ، ل 103 – 104 .

[xxvii] – ئیسحاق سوکووتی : لە ساڵی ( 1868 )دا لە شاری ( دیاربەکر ) و لە بنەماڵەیەکی کورد لە دایك بووە و پزیشکی سەربازی تەواو کردووە ، ئەندامی بەرایی و لە دەستەی دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی ( ئیتحادو تەرەقی ) بووە ، لە ساڵی ( 1896 )دا، لە لایەن فەرمانڕەوایانی عوسمانیەوە وەك سزایەك بۆ ماوەی ( 5 ) ساڵی تەواو دوورخراوەتەوە بۆ دوورگەی ( ڕۆدس ) ، کەچی لەوێشەوە توانیویەتی هەڵبێ و خۆی بگەیەنێتە شاری پاریس و لەگەڵ عەبدوڵلا جەودەتی هاوەڵیدا جگە لە چالاکی سیاسی بەکاری ڕۆژنامەوانییەوە خەریك بووە ، بۆ دواکاتیش ، لە ساڵی ( 1903 ) دا لە ( سان ڕیمۆ ) ی وڵاتی ئیتالیا کۆچی دوایی کردووە و هەواڵی مردنەکەشی بەناونیشانی : ( چیاع عقیم )ەوە ، لە دوالاپەڕەی ، ژمارە ( 30 ) ڕۆژنامەی ( کوردستان ) دا بڵاوکراوەتەوە ، بەڵام لە ساڵی ( 1909 )دا و لە لایەن ( ڕزا نوور ) ەوە تەرمەکەی دەهێنرێتەوە ئەستەمبووڵ و لە باخچەی گۆڕستانی سوڵتان مەحموود دەنێژرێ . بڕوانە : ڕوهات ئەلاکوم ، کوردەکانی ئەستەمبووڵی کۆن ، ل 104- 105 ، جاوان حسين فيج الله الجاف ، الكورد ودورهم فی جمعيه الاتحاد الترقی ، دراسه تاريخيه 1899- 1914 ، ( ديمشق : 2012 ) ، ص 69.

[xxviii] – بڕوانە: فەرهاد پیربال ، پێشەکی : کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی 1898- 1902، کۆکردنەوەو پێشەکی : دکتۆر کەمال فوئاد ، ل15 " جاوان حسين فيج الله الجاف ، الكورد ودورهم فی جمعيه الاتحاد الترقی ، ص 94 .

[xxix] – سەبارەت بە پرۆسەی دوورخستنەوەی بەدرخانیەکان لە کوردستان بڕوانە : ئەحمەد باوەڕ ، دوورخستنەوەی ڕێبەرانی کورد لە دەوڵەتی عوسمانی 1847- 1914، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ، ژمار ( 25 )، ساڵی 2013 ، ل 287 - 332 .

[xxx] – ڕۆژنامەی ( کوردستان ) ، ژمارە ( 26 ) ، ( 14ی کانوونی یەکەمی 1900 ) .

[xxxi] – ئەبو هودای سەیادی : ناوی محەمەدی کوڕی حەسەنی وادی حەلەبیە و بە ئەبوهودای سەیادی ناسراوە ، لە ( 1849 ) لە گوندی ( خان شیخۆن ) ی سەربە شاری حەلەبی وڵاتی شام لە دایك بووە ، یەکێك بووە لە دووکەوتەکانی تەریقەتی ( ڕەفاعی ) و لە کۆتاییەکانی فەرمانڕەوایەتی سوڵتان عەبدولعەزیزی عوسمانی ( 1861- 1876 ) دا هاتۆتە شاری ئەستەمبووڵ و چاوی بە سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی کەوتووە ، ئەمەش لە کاتێدا ، کە هێشتا تەمەنی لەدەوروبەری ( 28 ) ساڵیدا بووە ، یەکێك بووە لەوانەشی کە لە ململانێ و دژایەتیەکی بەردەوامی بیریارو ڕووناکبیرانی هاوچەرخی خۆیدا بووە . بەتایبەتی هەریەك لە عەبدولڕەحمانی کەواکبی ، جەمالەدین ئەفغانی ، مەعرووف عەبدولغەنی ڕەسافی ، جەمیل سدقی

زەهاوی و شاعیری ناسراوی کورد شێخ ڕەزای تاڵەبانی ، کەسایەتیەکی نزیکی سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی بووەو تاکۆتاییەکانی دەسەلاتی لە گەڵیدا ماوەتەوەو لە ( 1908 ) بەدواوە دوورخراوەتەوە بۆ دوورگەی ( برایلببۆ ) ی یونانی و تاکاتی مردنی لە ( 1909 )دا تیایدا ماوەتەوە . بڕوانە : هوگر گاهر توفیق ، دور الصحافه الكرديه في تكوير الوعي القومي الكردي 1898 – 1918 ، ( دهوك : 2004 ) ، ص 98 .

xxxii - ڕۆژنامەی ( کوردستان ) ، ژمار ( 7 ) ، ( 5ی تشرینی دووەمی 1898 ) .

xxxiii - ڕۆژنامەی ( کوردستان ) ، ژمارە ( 13 ) ، ( 2ی نیسانی 1899 ) .

xxxiv - ڕۆژنامەی ( کوردستان ) ، ژمارە ( 17 ) ، (15ی ئابی 1899 ) .

xxxv - پیتەر باڵەکیان ، دیجلەی گڕگرتوو ، مێژووی جینۆسایدی ئەرمەن ، وەگێڕانی : ڕزگاری عومەر عەلی ، ( سلێمانی : 2011 ) ، ل 44 .

xxxvi - عونی فرسخ ، الاقليات في التاريخ العربي منذ الجاهليه والى اليوم ، ( لندن : 1994 ) ، ص 132 .

xxxvii - پیتەر باڵەکیان ، دیجلەی گڕگرتوو ، مێژووی جینۆسایدی ئەرمەن ، ل 47 .

xxxviii - هوگر گاهر توفیق ، الكرد و المساله الارمنيه 1877- 1914، ص 320- 321 .

xxxix - کەمال مەزهەر ئەحمەد ، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا ، ل 69 ، جەلیلی جەلیل ، بووژانەوەی ڕۆشنبیری و نەتەوەیی کورد ، ل 41 ، هوگر گاهر توفيق ، الكرد و المساله الارمنيه ، ص 321 .

xl - فارس عپمان ، الكرد والارمن العلاقات التاريخيه ، گ2، ( السليمانيه : 2013 ) ، ص 104 .

xli - کەمال مەزهەر ئەحمەد ، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا ، ل 69- 70 .

xlii - ڕۆژنامەی ( کوردستان ) ، ژمارە ( 3 ) ، (20ی ئاداری 1898 ) ، هوگر گاهر توفيق ، الكرد و المساله ، ص 322.

xliii - ڕۆژنامەی ( کوردستان ) ، ژمارە ( 25 ) ، ( 1ی تشرینی یەکەمی 1900 ) .

xliv - ڕۆژنامەی ( کوردستان ) ، ژمارە ( 25 ) .

xlv - ڕۆژنامەی ( کوردستان )، ژمارە ( 7 ) ، ( 5ی تشرینی دووەمی 1898 ) ، فارس عپمان، الكرد و الارمن، ص 105.

xlvi - ڕۆژنامەی ( کوردستان )، ژمارە ( 7 ) .

[xlvii] - ڕۆژنامەی ( کوردستان ) ، ژمارە ( 26 ) ، ( 14ی کانوونی یەکەمی 1900 ).

[xlviii] - ڕۆژنامەی ( کوردستان ) ، ژمارە ( 14 )، ( 7ی نیسانی 1899 ) ، جەلیلی جەلیل، بوژانەوەی ڕۆشنبیری ،ل 38.

[xlix] - کەمال مەزهەر ئەحمەد ، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا ، ل 65 .

[l] - ڕۆژنامەی ( کوردستان ) ، ژمارە ( 27 ) ، ( 13ی مارتی 1901 ) .

[li] - ڕۆژنامەی ( کوردستان ) ، ژمارە ( 27 ) ، ( 13ی مارتی 1901 ) .

[lii] - ڕۆژنامەی ( کوردستان ) ، ژمارە ( 26 ) ، ( 14ی کانوونی یەکەمی 1900 ) .

[liii] - عەبدوڵڵا محەمەد عەلیاوەیی ، کوردستان لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمەوە تا جەنگی یەکەمی جیهانی، لێکۆڵینەوەیەکە لە مێژووی سیاسی ، ( سلێمانی : 2004 ) ، ل 165- 166 .

[liv] - كمال مظهر احمد، كردستان فى سنوات الحرب العالميه الاولى، ت: محمد الملا عبدالكريم، گ2، ( بغداد : 1984 )، ص 89.

[lv] - ينظر: حسام الدين على غالب النقشبندى ، عشيره الهموند ونفى قسم منها الى بلاد الاناچول وليبيا فى أواخر الپمانينات من القرن التاسع عشر، دراسه وپائقيه ، مجله ( ژين ) ، العدد ( 3 ) ، تشرين الپانى 2011، ص 231 - 278.

[lvi] - ڕۆژنامەی ( کوردستان ) ، ژمارە ( 28 ) ، 1ی جمادی الاخره 1319 ، ( 15ی ئەیلولی 1901 ).

[lvii] - کەمال مەزهەر ئەحمەد ، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا ، ل 64 ، الكساندر پادماگريان ، گيو أقاسى ، تاريخ سياسى و اجتماعى ارامنه ، انتشارات سازمان فرهنگى پاد ، ( تهران : ) ، ص 63 .

[lviii] - پیتەر باڵەکیان ، دیجلەی گڕگرتوو ، مێژووی جینۆسایدی ئەرمەن ، ل 49 .

[lix] - هوگر گاهر توفيق ، الكرد و المساله الارمنيه 1877- 1920 ، ص 183.

[lx] - ماجد محمد زاخويى ، الفرسان الحميديه 1891- 1923، دارسبيريز للگباعه والنشر ، ( دهوك : 2008 )، ص 67.

[lxi] - ديفيد مكدول ، تاريخ الاكراد الحديپ ، ترجمه : راج أل محمد ، دار فارابى ، ( بيروت : 1996 ) ، ص 114 .

[lxii] - ماجد محمد زاخويى ، الفرسان الحميديه 1891- 1923، ص 67

[lxiii] - كمال مظهر احمد ، كردستان فى سنوات الحرب العالميه الاولى ، ص 92 .

[lxiv] - مامەند ڕۆژە ، تورکیاو دۆسیەی جینۆسایدی ئەرمەن ، دوسێی تورکیا ( گۆڤار ) گۆڤارێکی تایبەت بە کاروباری تورکیایە ، ژمارە ( 3 ) ، نیسانی 2006 ، ل 114 .

[lxv] - ديفيد مكدول ، تاريخ الاكراد الحديپ ، ترجمه : راج أل محمد ، ص 118 .

[lxvi] - عەبدوڵلا محەمەد عەلیاوەیی ، کوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی دا لەناوەڕاستی سەدەی ، ل 169 – 170 .

[lxvii] - عەبدوڵلا محەمەد عەلیاوەیی ، کوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا ، ل 169 .

[lxviii] - ڕۆژنامەی ( کوردستان ) ، ژمارە ( 28 ) ، ( 15ی ئەیلولی 1901 ) ، هوگر گاهر توفيق ، الكرد و المساله الارمنيه 1877- 1920 ، ص 337 – 338 .

[lxix] - یەنی چەری : واتە سوپای نوێ ( الجيش الجديد ) ، هێزێکی سەربازی تۆکمەی دەوڵەتی عوسمانی بوو ، کە بەشێوازێکی ڕێك و پێکوکارا ڕێکخرابوون ، هەر لە ڕاهێنان ، جل وبەرگ ، خواردن و پەروەردەو فێرکردن ، سەرەتاکانی سەرهەڵدانی بەزۆری دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگاری فەرمانڕەوایەتی ( سوڵتان ئۆرخانی دووەم ) ی عوسمانی و بەتایبەتی لە ساڵی ( 1324 )دا ، هەڵبژاردنی ئەندامەکانیشی بە زۆری لە منداڵی ئەو دیان ( مسیحیی ) یانەوە سەرچاوەی دەگرت ، یان لە شوێن و وڵاتانی ترەوە دەکڕدران و دەهێنرانە نێو دەوڵەتی عوسمانییەوە لەوانە ناوچەی بەلقان ، پاشان بەشێوازێکی ئیلزامی و وەك بە تورکی پێی وتراوە ( دۆشرمە ) لە سەربازگەی تایبەتدا ڕاهێنانی پێویست و زمانی تورکیان فێردەکرا ، سەرەڕای بنەماکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام ، بەجۆرێك هەرلە کاتی فێرکردنیشانەوە دابەش دەکران بە سەر سێ بەشی سەرەکیدا :

1- ئەوانەیان کە بۆ خزمەتگوزاری کۆشکی سوڵتان ئامادە دەکران .

2- ئەوانەیان کە بۆ کاروباری وەزیفەی مەدەنی گەورە لە وڵاتدا ڕادەهێنران .

3- ئەوانەیان کە بۆ ڕیزەکانی سوپای ( ئینکشاری ) واتە سوپای نوێ ڕێك دەخران و ڕاهێنانی تایبەتیان پێ دەکرا ، کە بەسەریەکەوە لەوانەی پێشووتر ژمارەیان زیاتر بوو ، ئەم پرۆسەیەش بەم شێوەیە لە سوپای عوسمانیدا بەردەوام بوو ، تا ئەوکاتەی لە دەرئەنجامی ڕاپەڕینیان ، لەلایەن سوڵتان مەحموودی دووەمی عوسمانییەوە و لە ساڵی ( 1826 )دا ، بە یەکجاری هەڵوەشێنرایەوە . على حسون ، تاريخ الدوله العپمانيه وعلاقاتها الخارجيه ، ( بيروت : 2012 ) ، ص 106 –

108 ، يوجين روجان ، العرب والفتوحات العيمانيه الى الحاچر ، ترجمه : محمد ابراهيم الجندى ، گ2 ، ( القاهره : 2014 ) ، ص 41 ، ويكيبيديا ، الموسوعه الحره ، 30 / 11 / 2015.

[lxx] - ڕۆژنامەی ( كوردستان ) ، ژماره ( 28 ) ، ( 15ی ئەیلولی 1901 ) .

[lxxi] - ڕۆژنامەی ( كوردستان ) ، ژماره ( 31 ) ، ( 1ی نیسانی 1902 ) .

[lxxii] - ڕۆژنامەی ( كوردستان ) ، ژماره ( 23 ) ، ( 11ی شوباتی 1900 ) .


## Abstract

From the last 20th century and till now, Armenian situation and issue still is one of those vital and sensitive issues, especially during the reign of Ottoman State. Most of the countries and international organizations were paying more attention to it, in a way that Ottoman's leaders and especially during the reign of Sultan AbdulHameed II (1876-1909) and even after that. They practiced a very brutal policy and genocide against the Armenian people. Most of the historical references indicated that nearly two million persons or more had been killed through those represses and disgusted processes which were adapted by Hamidih Knights militia throughout the reign of Sultan AbdulHameed and the followers. It had been referred to that Kurds also had taken part in these processes by supposing that most of Hamidih Knights were from those Kurdish tribes who forced to join Hameedya army.

This short research (Kurdistan Newspaper's point of view against Armenian issue and Hamidih Knights 1898-1902) which consists of introduction and some sections depended on the original copies of (Kurdistan Newspaper) that published for first time in Cairo on April 22, 1898 in two languages; Kurdish and Turkish. In addition to that, a large number of useful references were used from Arabic, Persian and Kurdish as referred in the bibliography. Documents were analyzed and Kurdistan newspaper, as a Kurdish source and as it was published at that time, so explained in detail what Ottoman leaders and Turks brought to the Armenians. Also in most of the editions of Kurdistan

newspaper, which were 31 issues, strongly condemns the genocide that carried out by the Ottoman Turks against the Armenian people through their repressive administrations. At the same time, it appealed Kurdish people (nation) to be more aware, so as not to engage in such a process, on the contrary, demanding to cooperate and support the Armenian and even stated that the Kurds and Armenian peoples oppressed under Ottoman authority and also that the Armenians such as the Kurdish people, their national and religious rights have been neglected and every day they have been tortured in many ways.

As noted before, the search consists of an introduction and three main sections in addition to the list of sources and margins, it. First Section: includes a historical sum up analysis of Kurdistan newspaper and how it spread in major cities at that time, such as: Cairo, Geneva, London and Folkston and again Geneva. Most of the second section devoted to discuss Kurdistan newspaper's attitude on the Armenian and the Armenian issue during the reign of Sultan AbdulHameed and Turks. While the third and last section poses Kurdistan newspaper's attitude about the way of founding (Hamidih Knights) and how they have been used in the process of suppression and killing of Armenians.